Journal of Kurdish Literature

P-ISSN: 3657-2645 E-ISSN: 2717-0039
JOKL: http://jokl.uok.ac.ir
University of Kurdistan: http://uok.ac.ir

Spring and Summer 2026
Volume X11, Issue 1, Series 21

Investigating the Narrative Structure of *Zembil-Frosh* in Light of Jaap Lintvelt's Narrative Theory

1. Peshraw Abdulla Hama Gharib
2. Ahmad Parsa (Corresponding Author)

1. Ph.D. Candidate of Persian Language and Literature, University of Kurdistan, Sanandaj, Iran.
2. Professor of Persian Language and Literature, University of Kurdistan, Sanandaj, Iran.

Article Type:
Original Research

Page Numbers: 199-219

Article History:
Received
September 15, 2024
Received in Revised Form
November 13, 2024
Accepted
December 04, 2024
Published
August 23, 2026

Email:

1. peshraw_81@yahoo.com

2. a.parsa@uok.ac.ir

Abstract
Every story or tale employs particular narrative techniques and structures. In recent decades, literary critics have increasingly focused on the structure of literary works and how they are constructed rather than on their content. In the present study, a descriptive-analytical approach is adopted to analyze the narrative structure of *Zembil-Frosh*, an ancient folkloric literary work in Kurdish literature, using the practical concepts of narrative discourse typology in Jaap Lintvelt's theory. The study seeks to answer two questions: (1) What narrative structure underlies this story? (2) To what extent does this poem incorporate the main elements of a narrative text? The findings indicate that the poem, as a highly detailed oral narrative, contains most of the principal components of a narrative text, and that the poet has succeeded in elevating the verse narrative to the level of a fully developed story. The distinctions proposed in Jaap Lintvelt's theory between the real author, the implied author, the real reader, and the implied reader, as well as the corresponding distinctions involving the narrator and the narratee, are clearly discernible in the text. Furthermore, the relationships between the narrator and the characters, as well as between the real author and the implied author, are examined and analyzed.

Keywords: narratology; Jaap Lintvelt; narrative text; *Zembil-Frosh*; narrator; narratee

Citation: Abdulla Hama Gharib, P. & Parsa, A. (2026). Investigating the Narrative Structure of *Zembil-Frosh* in Light of Jaap Lintvelt's Narrative Theory. *Journal of Kurdish Literature*, 12(1), 199-219.
DOI: 10.22034/JOKL.2024.142157.1398

Copyright: © 2026 by the authors. Submitted for possible open access publication under the terms and conditions of the Creative Commons Attribution (CC BY-NC) license https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/deed.en

1. Introduction

Narrative studies, as a relatively new field, have focused on texts with dramatic themes and narrative structures, dividing them into smaller units to investigate their narrative organization. These units fit together to complete the overall picture of the story. Before the development of written literature, most fictional texts were transmitted orally, a fact that does not affect their classification as fictional texts. As Roland Barthes points out: “The subject of narration is carried out through language, whether written, oral, or visual, whether static or moving. Through a coherent and organized movement, all these parts are organized together. This is found in fables, tales, stories, proverbs, old sayings, cinema, history, drama, and lived experiences” (Barthes, 1996, p. 7).

Written works have frequently been analyzed using Lintvelt’s theory. However, Kurdish literature, like the literature of many other living languages, was rooted in folklore and oral narrative traditions before its literary works were recorded. This raises the question of whether such narratives can also be analyzed using this theory. Accordingly, among Kurdish folkloric works, we have selected the poetic narrative *Zembil-Frosh* for analysis based on Lintvelt’s theory. This poem originated in Northern Kurdish (Kurmanji) literature and was later transmitted into Middle Kurdish (Sorani). It holds particular significance as an ancient legacy of Kurdish folkloric literature and has been retold by numerous poets.

2. Methodology

This study employs a descriptive-analytical method based on Jaap Lintvelt’s theory of narrative genres. The corpus consists of the poem *Zembil-Frosh*. The data were collected through library research and documentary analysis and were analyzed using content analysis.

3. Analysis

The *Zembil-Frosh* poem contains sixteen characters, some of whom are main characters and others secondary characters. Deleuze describes and classifies character actions as either primary and obligatory or secondary and voluntary. The secondary and optional roles of the character and the interpreter can be interchanged, so that the interpreter’s essential roles become optional roles of the character, while the character’s essential roles become optional tasks for the interpreter. In this way, the narrator can express an ideology through the act of interpretation.

Deleuze argues that narratives beginning with the first-person singular pronoun “I” exhibit similarities between the narrator and the characters because, in such narratives, the interpreter performs both the descriptive and dramatic functions. In this way, the narrator and the character can be distinguished: the narrator performs the act of narration, whereas the character performs the action. He also argues that, in narratives beginning with “he” (the third-person singular pronoun), there is no distinction between the narrator and the character, as the narrator aligns with one of the characters, who performs both the action and the description simultaneously.

Thus, Deleuze agrees with Barthes, as both consider the character and the narrator to be the same person. However, Genette cautions that we should “ask who is the character who determines the point of view of the narrative? Who is the interpreter then? In simple terms, who sees and who speaks?” (Lintvelt, 1390, p. 23). Therefore, it is necessary to recognize that the narrator and the character are distinct entities and should not be regarded as identical.

4. Conclusion

An examination of the artistic aspects of *Zembil-Frosh*, particularly within the framework of narratology, reveals that although it is an ancient oral poem, it possesses a distinctive appeal

that has made it an enduring part of Kurdish poetic traditions. The poem is not confined to a single Kurdish dialect but has spread across several Kurdish dialects, including Central Kurdish (Sorani) and Southern Kurdish. It has also been composed and rewritten by numerous Kurdish poets.

The poem's enduring power and appeal stem from its narrative form. In addition to the significance of its content and purpose, the beauty of its language and its elevated narrative style have enabled it to pass from one generation to another, rather than remain confined to a narrow literary context. A close examination of Jaap Lintvelt's theory initially raises the question of how modern narrative theories can be applied to an ancient poem. However, the evidence found in the poem indicates that it corresponds closely to the principles of these theories. In other words, the poets who composed and retold the poem incorporated the essential components of a narrative text, contributing to its endurance as an important narrative work.

The analysis of the texts examined in this study reveals the effective use of narrative techniques in *Zembil-Frosh*, a poem that has received relatively little scholarly attention, particularly in its oral version as transmitted by Khader Darzi. The elements of Lintvelt's theory are clearly distinguishable, including the differences between the real and implied author, the real and implied reader, and the real and implied narrator. The distinctions between narrators and characters, as well as between real and implied authors, are also evident. Thus, the poem not only functions as a fictional narrative but also demonstrates the effective presence of these narrative components.

References

Aghareb Parast, F. S., & Motia, M. (2018). An analysis of the Prophet Moses' story based on Jaap Lintvelt's theory. *Iranian Journal for the Quranic Sciences and Tradition, 51*(1), 25–44. [In Persian]

Ayubian, O. (1965). A discussion and research study on the connection between the stories of Gautama Buddha and Ibrahim Adham and the Kurdish folk legend of the basket seller. *Mehr, 12*(1), 37–41. [In Persian]

Barthes, R. (1966). Introduction à l'analyse structurale des récits. *Communications, 8*, 1–27. https://doi.org/10.3406/comm.1966.1113

Darzi, K. (2019). [YouTube video]. YouTube. https://www.youtube.com/watch?v=EA0fOFpB0zE

Faqe Teyran. (2018). [Online text]. Vejin Books. https://books.vejin.net/ck/text

Jundi, A., & Afdal, H. E. (2008). *Kormanji's folklore* (Publication No. 723). Aras Publications. [In Kurdish]

Khazri, Y. (2018). Individuality and self-discovery in Kurdish poetry (*Zanbil-e-Froosh*) based on a Jungian reading: Psychoanalytic analysis of the *Zanbil-e-Froosh* poetry based on Jungian theoretical structure. In *First Biennial Congress on Recent Developments in Psychology and Behavioral Sciences*. University of Tabriz. [In Persian]

Khla Darzi. (2019). *Kurdish folklore* [YouTube channel]. YouTube. [In Kurdish]

Lintvelt, J. (2011). *A treatise on the taxonomy of narrative: Perspective* (A. Abbasi & N. Hajazi, Trans.). Scientific and Cultural Publications. [In Persian]

Manfred, J. (2011). *Narratology: An introduction to narrative theory* (A. Abu Rahmat, Trans.). Damascus. [In Arabic]

Mann, O. (2011). *Tohfa-y Mozaffarya (Mozaffaria's gift)* (H. Mokeriani, Ed. & Trans.; 3rd ed.). Aras Publishing House. [In Kurdish]

Mann, O. (2013). *Tohfa-y Mozaffarya (Mozaffaria's gift)* (A. Nanavazadeh, Ed.). Kurdish Academy Publications. [In Kurdish]

Mann, O. (2019). *Tohfa-y Mozaffarya (Mozaffaria's gift)*. Vejin Books. https://books.vejin.net/ck/text [In Kurdish]

Shekhani, S. (1986). *Stories and verses of Las, Khazal, and Zambil Frosh* (National Culture Series, No. 3). As'ad Printing House. [In Kurdish]

پژوهشنامۀ ادبیات کردی

بهار و تابستان ۱۴۰۵

دوره دوازدهم، شمارۀ ۱، پیاپی ۲۱

توێژینەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی تێکستی گێڕانەوەیی بەیتی *زەمبیل فرۆش* لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی ژپ لینیتڤۆڵت-ەوە

١. پێشڕەو عەبدوڵا حەمە غەریب

٢. ئەحمەد پارسا (نووسەری بەرپرس)

١. خوێندکاری دوکتورای زمان و ئەدەبی فارسی، کۆلێژی زمان و وێژە، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران.

٢. پرۆفیسۆری زمان و ئەدەبی فارسی، کۆلێژی زمان و وێژە، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران.

DOI: 10.22034/JOKL.2024.142157.1398

کورتە

لە هەر چیرۆکێک یان حیکایەتێکدا، پلان و شێوازی گێڕانەوەی تایبەت بەکار دەهێنرێت. ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەم دەیان ساڵەی دواییدا شێوازەکانی گێڕانەوە زیاتر سەرنجیان لەسەر پێکهاتە و چۆنیەتی پێکهێنانی بەرهەمەکان بووە نەک ناوەڕۆک. کێشە سەرەکییەکانی توێژەران گرنگیدان بە گونجاندنی ئەم شێوازانە لەگەڵ دەقی نوێدا بووە. بەیت وەك حیکایەتێکی درێژ کە بریتییە لە گێڕانەوە لە لایەن کەسێك بەناوی بەیتبێژەوە، گێڕدراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات بەیتی *زەمبیلفرۆش* کە یەکێکە لە بەیتە کۆنەکانی ئەدەبی کوردی بە بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی وەسفیی- شیکارانە و کەڵکوەرگرتن لە چەمکە کردارییەکانی بواری تایپۆلۆژیای گوتاری گێڕانەوە لە ڕوانگەی ژپ *لینیتڤۆڵت* شی بکرێتەوە. جێگەی خۆیەتی تیشك بخرێتە سەری کە ئایا ئەم گێڕانەوەیە لەسەر چ بنەمایەکی هونەری گێڕانەوە داڕێژراوە؟ یاخود ئایا بەوەی کە هونەرێکی کۆنە، تا چەند هەموو پێکهاتە و تێما سەرەکییەکانی دەقێکی گێڕانەوەیی تێدایە؟ شرۆڤەکردنیشی بە پێی تازەترین تیۆری ئەنجام دراوە کە ئەوەش بۆ خۆی جێگەی پرسیارەکە چۆن دەقێکی کۆن بە پێودانگی تیۆرییەکی نوێ شرۆڤە دەکرێت؟ هەڵبەت لە نێوان ئەم باسەدا زۆر ورد ئەو پەیوەندییە لێکدراوەتەوە. لە دوای گەڕان و کنە و پشکنین، دەرکمان بەوە کرد کە بەیتی *زەمبیلفرۆش* وەک دەقێکی زارەکی زۆر ورد و پوخت زۆرینەی پێکهاتە سەرەکییەکانی دەقی گێڕانەوەی تێدایە و بەیتبێژ زۆر جوان توانیویە ئەم بەیتە بباتە ئاستی حیکایەتێک کە شایانی ئەوە بێت بگێڕدرێتەوە. وردەکاری تیۆرەکانی ژپ *لینیتڤۆڵت* هەر لە جیاکردنەوەی نووسەری ڕاستەقینە، نووسەری ناڕاستەقینە، خوێنەری ڕاستەقینە و خوێنەری ناڕاستەقینە گۆڕاوە بۆ بەیتبێژی ڕاستەقینە و بەیتبێژی ناڕاستەقینە و زۆر جوان جیاکراوەتەوە. هەروەهاش، جیاوازی لە نێوان وەگێڕ و کارەکتەر و نووسەری ڕاستەقینە و نووسەری ناڕاستەقینە خراوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

وشەگەلی سەرەکی: گێڕانەوەناسی، ژپ لینیتڤۆڵت، دەقی گێڕانەوەیی، بەیتی *زەمبیلفرۆش*، وەگێڕ، گێڕانەوەبیست

جۆری وتار:

توێژینەوەیی ڕەسەن

لاپەڕەکان: ٢١٩–١٩٩

ڕێکەوتەکان:

وەرگرتنی وتار:

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣

پێداچوونەوە:

٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٣

پەژیران:

١٤ی سەرماوەزی ١٤٠٣

بڵاوکردنەوە:

١ی خەرمانانی ١٤٠٥

ئیمەیل:

١. peshraw_81@yahoo.com

٢. a.parsa@uok.ac.ir

ناماژەکاری: عەبدوڵڵا حەمەغەریب، پێشڕەو؛ پارسا، ئەحمەد (١٤٠٥) «توێژینەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی تێکستی گێڕانەوەیی بەیتی *زەمبیل فرۆش* لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی ژپ لینیتڤۆڵت-ەوە»، *پژوهشنامۀ ادبیات کردی*، ١٢ (١)، ٢١٩–١٩٩.

١- پێشەکی

گێڕانەوەناسی وەک زانستێکی نوێ بایەخ و گرنگیی داوە بەو دەقانەی تێمای درامیان تێدایە و پێکهاتەی چیرۆکیان هەیە، کە پارچە پارچەیان دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات کە پێکهاتەی داستانیان بناسێتەوە. هەروەک چۆن تۆدۆرۆف لە کتێبە بەناوبانگەکەی *یاساکانی دیکامیرۆن* گێڕانەوەناسیی بە زانستی چیرۆك وەسف کرد (مانفرید، ٢٠١١: ٧).

ئەم پارچانە پێکەوە دەبەسترێن و وێنەی گشتی حیکایەتەکە تەواو دەکەن. زووتر پێش ئەوەی نووسین ئەو پێشکەوتنە گەورە بەخۆیەوە ببینێت، زۆرینەی دەقە داستانییەکان سینە بە سینە و بە شێوازی زارەکی گێڕدراونەتەوە، کە ئەمە کاریگەری وای نییە لەسەر ئەوەی ئایا ئەو دەقە دەچێتە چوارچێوەی دەقێکی داستانییەوە، یان نا؟ هەروەک رۆلان بارت ئاماژە بۆ ئەم خاڵە گرنگە دەکات:

بابەتی گێڕانەوە بە هۆی زمانەوەیە، جا نووسراو بێت، یان زارەکی بێت، یان بە هۆی وێنەوەیە، جا وەستاو بێت یان جووڵاو. بەهۆی جووڵەیەکی پێکەوەبەستراو و رێکخراوەوە هەموو ئەو پێکهاتانە پێکەوە رێکدەخرێن. ئەمەش لە ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆك و پەند و مەسەل و سینەما و مێژوو و دراما و سەربوردەکاندا هەیە (Barthes 1996:7).

تا ئێستا کار لەسەر بەرهەمە ئەدەبییە نووسراوەکان لەسەر بنەمای تیۆری ژێپ لینیتڤۆڵت ئەنجام دراوە، بەڵام بەو پێیەی ئەدەبی کوردی وەک زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان پێش تۆمارکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان فۆلکلۆر و ئەدەبی گێڕدراوە بووە، هەر بۆیە بەنیازین ئەو مەسەلەیە بخەینە ڕوو کە ئایا تیۆری ژێپ لینیتڤۆڵت بۆ بەرهەمە ئەدەبییە گێڕدراوەکان کارپێکراوە یان نا و ئەمە چۆن بە کار دێت؟ هەر لە بەر ئەم هۆکارە لە نێوان بەرهەمەکانی فۆلکلۆری کوردیدا بەیتی *زەمبیلفرۆش*-مان هەڵبژارد کە لەسەر بنەمای تیۆری ژێپ لینیتڤۆڵت شیکاری بۆ بکرێت. بەیتی *زەمبیلفرۆش* کە سەرەتا لە ئەدەبیاتی زاری کورمانجیی سەروو سەریهەڵدا و دواتر گوێزرایەوە بۆ زاری کورمانجیی ناوەند (ناوەڕاست) بایەخ و گرنگی خۆی هەیە؛ چونکە میراتێکی کۆنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردییە و بەیتبێژ و حەیرانبێژەکان زۆریان گوتۆتەوە، ئەویش هەڵبەت پێشوازی و پێداویستی لایەنی دەروونی کۆمەڵگەی کوردی بەم بەیتە بووە؛ چوونکە لە کۆتاییەکانی ئەم بەیتەدا کەسی لە خواترس و کەسی راستگۆ پاداشتی دونیا و قیامەتی دەست دەکەوێتەوە. هەڵبەت ئەم بەیتە لە جۆری بەیتی ئایینییە و کوڕە پاشایەک دوای مردنی باوکی، کە وەسێتی باوکی دەشکێنێت و دەچێتە ڕاووشکار و پرسیاری مردن و ژیان بەرۆکی دەگرێت و واز لە پاشایەتی دەهێنێت و ژیانی گەدایی هەڵدەبژێرێت. لە زۆربەی دەقە جیاوازەکانی ئەم بەیتەدا کوڕە هەم دەبێتەوە پاشا و هەم هەموو ماڵ و موڵکی دەست دەکەوێتەوە. کۆڵینەوە لە بەیتی کوردی هەم لە ڕووی ناوەرۆک، هەم لە ڕووی روخسارەوە گرنگی و بەهای خۆی هەیە کە وتارەکەی ئێمەش کۆڵینەوەیەکە لە تەکنیک و لایەنی هونەری ئەم بەیتە بە تێگەیشتن لە تیۆرە نوێیەکانی «ژێپ لینیت ڤۆڵتی»ی فەرەنسی کە یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی بواری گێڕانەوەناسی. ئەویش لاکردنەوەیە لە زۆرینەی ئەو چینە بنچینەیانەی دەبنە پێکهێنەری دەقێکی داستانی. بەیتەکە بەو پێیو دانگانەی ژێپ چوێنراوە و خوێنراوەتەوە.

٢- پێشینە

دەبێت ئەوە بڵێین کە لە ڕووی تیۆری و هونەرییەوە نووسینێکی وا لەسەر بەیتی زەمبیل فرۆش نەنووسراوە. کۆمەڵێك وتار هەن لەوانە «تفرد و خویشتن یابی در بیت کردی (زنبیل فروش) بر اساس خوانش یونگی (تحلیلی روانکاوانە از بیت زنبیل فروش براساس ساختار نظری یونگ» کە نووسەر یەعقوب خزری لە کۆنفرانسی ساڵانەی زانینگەی تەورێز ساڵی ١٣٩٨ پێشکەشی کردووە. ئەوەش باسێکە لە بارەی ناوەرۆکی بەیتەکەوە. بابەتێکی تر بەناونیشانی «یک بحث و مطالعە تحقیقی پیرامون پیوستگی داستانهای گوتامابودا و ابراهیم ادهم با افسانەی عامیانەی زنبیلفروش کردی» کە نووسەر عوبێدوڵڵا ئەیوبیان لە ساڵی ١٣٤٤ نووسیویەتی و تەنیا چیرۆکەکانی بە زمانی فارسی هێناوە وهیچ شیکردنەوەیەکی لەبارەی چیرۆکەکانەوە نەکردووە. ئەوەی ماوەتەوە زیاتر نووسینەوە و کۆکردنەوەی بەیتەکەیە لە دەمی بەبیتبێژ و حەیرانبێژەکاندا لەوانەش:

مەلا حەسەنی باتەیی لە ساڵی (١٤١٧ - ١٤٩١)زایینی نووسیوییەتەوە. پاشان فەقی تەیران(١٥٩٠-١٦٦٠) زایینی نووسیویە و بەشێکە لە دیوانەکەی لەپاڵ بەیتی زەمبیل فرۆشدا بەیتەکانی دمدم و بەیتی دلی و بەیتی شێخی سەنعانیشی نووسیوەتەوە. بەپێی ئەم نووسینەی فەقێ تەیران و مەلا حەسەن بێت، ئەم بەیتە سەرەتا لە ئەدەبیاتی زارەکی کرمانجی سەرو پەیدابووە؛ چونکە ئەوکات ئەدەبیاتی کرمانجی سەرو خودان هێز و تاقەتی نووسینی باش بووە، بە جۆرێك مەم و زینیش کە ئەحمەدی خانی نووسیویە هەر لەم زارەوە پەیدابووە.

هەروەها ئۆسکارمان کە گەڕیدەیەکی ئەڵمانی بووە_لە ساڵانی (١٩٠١ تا ١٩٠٣) هاتۆتە کوردستان. هەڵبەت لەسەر ڕاسپاردەی پاشای ئەو کاتی ئەڵمانیا کە لێکۆڵینەوە لە زار و زمانی کوردی بکات، پاشا پرۆیس ویلهیلمی دووهەم کە لە ساڵانی (١٨٨٨تاکو ١٩١٨) پاشای ئەڵمانیابووە. ئۆسکارمان هەروەك خۆی باسی لێوە دەکات کە ئەم بەیتەی لە کەسێکەوە بۆ گوتراوە لە ناوچەی سابڵاغ بەناوی (ڕەحمان بەکر) خەڵکی گوندێك بووە بە ناوی (حاجی حوسێن) سەر بە دەشتی میاندواو، هەندێکیشی لە دەروێشێکی موکرییەوە گوێی لێبووە. دەقەکەی ئۆسکارمان دوو بەشە تەخت و بەند؛ واتە بەشێکی پەخشانە و وەك ڕێخۆشکردن و پێشەکییەکە بۆ بەشە بەندەکەی کە بەیتبێژەکە بە ئاوازە دەیخوێنێت. هەروەها مامۆستا گیوموکریانی ساڵی (١٩٦٧م) زەمبیل فرۆشی لە دوای کۆکردنەوەی سەرچاوە کورمانجی و لکە زاری بادینی، بە سۆرانی بە چاپی گەیاندووە. پاشان سەعدوڵا شێخانی لە ساڵی (١٩٨٦م) بەیتەکەی لە بەیتبێژێك بەناوی عوسمان هەمەوەندی کە خەڵکی گوندی گردەسۆرە لە ناوچەی قوشتەپەی پارێزگاری هەولێر وەرگرتووە (شێخانی، ١٩٨٦: ٥).

هەروەها حەجی جندی و ئەمینی عەڤدال لە کتێبێك بەناوی «فۆلکلۆرا کورمانجا» دەقەکەیان لە دوو بەیتبێژ وەرگرتووە کە یەکیان ناوی ئووسڤێ عەلی ٧٥ساڵی لە گوندی شامێرانی سەر بە ناحیەی ئاشتارکێ(جندی و عەڤدال، ٢٠٨٨: ٣). ڕەنگە کۆمەڵێك دەقی دیکەی زەمبیل فرۆش هەبێت کە ئێمە ئاگاداری نەبین، یان بەرچاومان نەکەوتووە؛ چونکە بەیتەکە بەناوبانگە و ناوەڕۆکێکی جوان و گرنگی هەیە. «خلە دەرزی» یان خدر قادر گەرماوی، ئەویش زۆر بە جوانی ئەم بەیتەی چڕیوە کە لە ساڵی ١٣١٠ هەتاوی لە ناوچەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و هەر لە سەردەشت ماوەتەوە و دەژیت زۆر تایبەت و جوان بەیتی زەمبیل فرۆش دەڵێت کە من دەیکەمە بنەمای کارەکە؛ چونکە تا ئێستا نەنووسراوەتەوە و لە هەموو ئەوانی دیکەش جیاوازە. دەقەکە لە سایتی یوتوب لە چەناڵی «folklore kurdi» ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە کە نزیکەی ٢٣ خولەکە و نووسیومەتەوە.

٣- یەکە تیۆرییەکانی گێڕانەوەناسی ژپ لینیتڤۆڵت

ژپ لینتڤۆڵت بنەمای گێڕانەوەناسی لەسەر سێ پایە دادەمەزرێنێت، ئەوانیش«گێڕەرەوە، کارەکتەر، بۆگێڕەوە» یە کە جۆرەکانی گێڕانەوە دیاری دەکەن (اقاریب و مطیع، ١٣٩٧ :٤٤-٢٥)؛ واتە بنەمای زانستی گێڕانەوە لەسەر ئەم سێ پایە بنیات دەنێت و ئەمانەن جیاوازی گۆشەی گێڕانەوە دیاری دەکەن و ئاڕاستەی گێڕانەوە دەگرنە ئەستۆ کە هەریەك لە گێڕەرەوە[1] و کارەکتەر[2] و بۆگێڕەوە[3] پێکدەهێنن و هەریەك لەمانەش بەرەو جۆرە جیاوازەکانی گۆشەی گێڕانەوە[4] ئاڕاستەمان دەکەن. ژپ لە سەرەتای باسەکەی خۆیدا بە گوتەزایەکی ڕۆمان یاکوبسن دەست پێدەکات کە هەموو کارێك لەسەر سێ بنەمای سەرەکی ڕادەوەستێت ئەوانیش:

«نێرەر ______ پەیام ______ وەرگر

هۆکاری پەیوەندی

ڕەمز و کۆد

نیشانە

1 .Narrateur.
2 . Acteur.
3 . narrataire.
4 . typologique.

ئەگەرچی یاکۆبسن زیاتر گرنگی بە نووسەر یان نێرەر دەدات» (لینت ڤۆلت، ١٣٩٠: ٣). ئەمەشی بۆ ئەوەیە کە گۆشەنیگای گێڕانەوە دیاری بکات و بنەما سەرەکییەکانی خۆی دابمەزرێنێت کە دواتر وردتری دەکاتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم وردەکارییە ڕوون بکاتەوە ژپ لینت چوار بنەمای سەرەکی هەموو دەقێکی گێڕانەوە دیاری دەکات و پێش وردەکارییەکان لەسەر بنەمای ئەو کلێشەیەی یاکۆپسن ئەم چوار بنەمایە وەك کاتیگۆرییەکی سەرەکی دەقی گێڕانەوە دادەڕێژێت و دەیکاتە توخمە سەرەکییەکانی گێڕانەوە، بەڵام بە کۆمەڵێك زیادە و کۆمەڵێك شتی نوێ لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا؛ واتە کۆمەڵێك بنەما و پاژی نوێی خستە سەر ئەو پایە سەرەکییانەی لای یاکۆپسن بوونیان هەبوو؛ چونکە وردتر بابەتەکەی شرۆڤەکرد و لێی کۆڵییەوە. ئەو چوار بنەمایەش بریتین لەم کاتیگۆرییانەی لای خوارەوە:

١-٣- نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری ڕاستەقینە

نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری ڕاستەقینە دوو مرۆڤی سەربەخۆن کە لەدەرەوەی دەق و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا دەژین و کەم و زۆر پەیوەست نیین بە دەقەوە «نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری ڕاستەقینە کەسانی مێژوویین و خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیانن کە هیچ_پەیوەندییان بە دەقی ئەدەبییەوە نییە، بەڵکو لەناو ژیانی ڕاستەقینەدا پێکەوە بەستراون و لە دەرەوەی دەقی ئەدەبی ژیانی خۆیان ئەزموون دەکەن» (لینتڤۆلت،١٣٩٠:٥). بەڵام ئەگەر وردبینەوە هەر ئەم نووسەرە ڕاستەقینەیە کە دەنووسێت و دەقەکەی ئاڕاستەی خوێنەر، یان وەرگر دەکات هەر بۆیە ژپ دەڵێت «نووسەری ڕاستەقینە کە خالقی دەقی ئەدەبییە وەك نێرەر پەیامی ئەدەبی خۆی بۆ خوێنەری ڕاستەقینە دەنێرێت»(هەمان، ٤)؛ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوە هەمان کەسە؟ لەڕاستیدا ژپ ئەم دوو کەسایەتییە لێك جودا دەکاتەوە و پێی وایە کە منی کۆمەڵایەتی نووسەر کە نووسەری ڕاستەقینەیە، جیاوازە لە منی نووسەر کە کەسایتییەکە لەناو دەقی ئەدەبی بوونی هەیە و دەژیت.

پەیوەندی نێوان نووسەری ڕاستەقینە و خوێنەری ڕاستەقینەش پەیوەندییەکی دیالێکتیکیە کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕەمزی ئەدەبی و زمانییەوە ڕێکدەخرێت. خوێنەر دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵێك ڕەمزی جوانیناسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و تەنانەت کۆمەڵێك ڕەمزی نازمانیش. بۆیە خوێنەر هیچ ناچار نییە بەوەی هاوفیکر و هاوباوەڕی نووسەر بێت، بەڵام نووسەر دەتوانێت بەشداری بکات لە فراوان بوونی ئاسۆی بیری خوێنەر و خوێنەریش ئازادە لەوەی ڕەخنەگرانە، یان هاوڕایانە لە دەقێکی ئەدەبی بنوارێت(هەمان،٥). کاتێك ئێمە دەچینە سەر ئەوەی بەم پێودانگە سەیری بەیت بکەین، دەبینین بەیت وەك بەشێك لە ئەدەبی فۆلکلۆر، نووسەری نییە، بەڵکو بەیتبێژ، یان وەگێڕێکی زارەکییە؛ واتە وەگێڕی ڕاستەقینە دێتە جێی نووسەری ڕاستەقینە. ئەم وەگێڕەش دوو حاڵەتی جیاوازی بۆ پەیدا دەبێت؛ یەکەمیان، وەگێڕە لە بارێکی ئاساییدا کە ژیان دەکات؛ دووەم، بەیتبێژە لە باری گوتنی بەیتەکەدا. لەجێی خوێنەری ڕاستەقینەش، کۆمەڵە گوێگرێکمان هەیە کە لەکاتی گوتنی بەیتەکەدا لەوێ ئامادەبوون، ئەمەش بۆ ڕۆژگاری خۆی بریتییە بووە لە دانیشتن لە مەجلیس و کۆڕی شەوانەی بێ کارەبا و تایبەت شەوانی درێژی زستان:

«ئەوە دەڵێ: / ڕۆژەکی لە ڕۆژان / بابی زەمبیل فرۆش پاشابوو / لەسەر تەختی دانیشتبوو» (خلە دەرزی، ٢٠١٩).

گەر بنۆڕین لێرەدا بەیتبێژ بە وشەی (ئەوە دەڵێ) دەست پێدەکات و بەیتەکە دەگێڕێتەوە. هەڵبەت لەو بارەدا پەیامەکەی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کەسانەیە کە لەوێ دانیشتوون و ڕۆڵی خوێنەری ڕاستەقینە دەبینن.

٢-٣- نووسەری دەق و خوێنەری دەق

نووسەری دەق، منێکی دیکەی نووسەری ڕاستەقینەیە کە لە ئەنجامی خوڵقانی دەقی ئەدەبییەوە دێتە ئاراوە؛ واتە منێکە لە ناو نووسیندا بەرجەستە دەبێت، هەروەها خوێنەری دەق خوێنەرێکە کە ئەویش لە کاتی بەرکەوتنی بە دەقێکی ئەدەبی، حاڵەتێکی بۆ دێتە پێشەوە کە دەگۆڕێت و ئیتر ئەو خوێنەرە ڕاستەقینە نییە کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەژیت؛ واتە هەردووکیان

حاڵەتێکی زەینی و دەروونییە، تێی دەکەون. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین کە دوو بەرجەستەی دیکەی هەمان کەسێتین و لە ئەنجامی پێك گەیشتنیان لەناو دەقێکی ئەدەبیدا بەر یەکتر دەکەون:

«لە میانەی کاری ئەدەبییەوە نووسەری ڕاستەقینە منی دووەمی خۆی، یان منێکی داستانی یان هەروەك بوس بە نووسەرێکی شاراوە ناوی دەهێنێت، یان ئەشمیت بە نووسەرێکی (ناڕاستەقینە) دەق ناوی دەهێنێت لەناو کارە ئەدەبییەکەدا لە دایك دەبێت. لە هەمان کاتیشدا خوێنەرێکی شاراوە یان ناڕاستەقینە دێتە ئاراوە» (لینت ڤۆلت، ۶:۱۳۹۰).

نووسەری دەق خاوەن و داهێنەری کاری ئەدەبییە؛ چونکە زۆر جار نووسەری ڕاستەقینە لە کاتی داهێناندا دەبێتە کەسێکی دیکە و منێکی تر دێتە پێشەوە کە دەنووسێت و لەناو دەقەکە هەڵسوکەوت دەکات بە هەمان شێوەش خوێنەری دەق لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەم کارە ئەدەبییە دێتە ئاراوە. ئەم پەیوەندییەش پێویستی بە شرۆڤە و لێکدانەوەی تایبەتە، بۆیە ژپ زۆر بە وردی تۆڕی ئەم پەیوەندییە شی دەکاتەوە و وردیان دەکاتەوە.

بەیت بێژ لەکاتی گوتنی بەیتدا جێگەی نووسەری دەق دەگرێتەوە؛ چونکە بەیتبێژ لەو ساتەدا کە بەیت دەچڕێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەستەکانی خۆیەوە و دادەبڕێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی. هەروەها دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئامادەبوانیشەوە؛ چوونکە ئەگەر ئامادەبووان بەجۆش بن و ژمارەیان زۆر بێت، بەیت بێژ گەرمتر دەبێت لەسەر گوتنی بەیتەکە و ڕەنگە هەم زیادەش بخاتە سەر بەیتەکە. گوێگریش بەهەمان شێوە لە کاتی گوێگرتن لە بەیت بێژ، دەکەوێتە دەرەوەی ژیانی ڕۆژانەی و لەژێر کاریگەریی_هەستەکانی بوونێکی تری لێ پەیدا دەبێت کە لەناو چیرۆکی بەیتەکەدا دێت و دەڕوات، بۆیە دەبێتە منێکی خەیاڵی و لەو کاتەدا حزور پەیدا دەکات.

«زەمبیل فرۆش نەیما ئیختیار / دەستی گرت خۆی فڕێ دا خوار / جوبرایلی چوست و تەیار / خۆش لە ئاسمانێ هاتە خوار / زەمبیل فرۆشی گرت بەزار» (توحفەی موزەفەرییە، ۲۰۱۱: ۴۳).

لەم پارچەی سەرەوەدا کە ئۆسکارمان تۆماری کردووە لە زاری بەیتبێژەکەوە دەبینین بەیتبێژ ڕاستەوخۆ دەخالەت لەناو بەیتەکە دەکات؛ واتە خۆی وەك خالقێك بەناوی زەمبیل فرۆشەوە دێتە مەیدان و بەیتەکە ئاڕاستە دەکات. ئەوی لێرە بەیت دەچڕێت کەسێتی ڕاستەقینەی بەیتبێژ نییە، بەڵکو کەسێتیی دووەمی بەیتبێژی کە ئەویش بە (بەیتبێژ) ناونراوە. پەیامەکەشی درێژ دەبێتە بەدرێژاییی ژیانی بەیتەکە؛ چوونکە جار هەیە پاش سەد ساڵ گوێگرێك، یان خوێنەرێك جارێکی دیکە دەچێتەوە ناو ئەم بەیتە و ژیانی پێ دەبەخشێتەوە.

۳- ۳- جیاوازیی نێوان نووسەری دەق و نووسەری ڕاستەقینە

ژپ وتەیەکی بوس دەهێنێتەوە و دەڵێت «نووسەری شاراوە جیاوازە لە نووسەری ڕاستەقینە. بەجۆرێك با ئێمە هەموو ئاسۆکانی نووسەرە ڕاستەقینەکەش بزانین، بەڵام مرۆڤە ڕاستەقینەکە لە ڕێگەی کارە ئەدەبییەکەوە وێنەیەکی باشتر لە خودی خۆی دادەهێنێت. هەموو ڕۆمانێکی باش وامان لێدەکات کە دانەرێك هەیە کە بریتییە لە منی دووەم. زۆربەی کات ئەم منە دووەمە، منێکی باشتر و باشتر و قووڵترە لە هەر مرۆڤێکی تر کە دەتوانێت لە فەزای واقێعدا بوونی هەبێت» (لینت ڤۆلت، ۸:۱۳۹۰).

ئەوەی ژپ دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە و بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە ئەوەیە کە دەیەوێت بڵێت هەمیشە نووسەری ڕاستەقینە و نووسەری دەق کە منێکی دیکەی نووسەرە ڕاستەقینەکەیە جیاوازن و دەکرێت نووسەری ڕاستەقینە خودان باوەڕێکی تایبەت بێت، بەڵام لە کاتی نووسیندا ببێتە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی دیکە و باوەڕێکی دیکە. هەروەك ڕیالیزمی بەلزاك کە لۆکاش باوەڕی وایە کە سەرەڕای ئەوەی بالزاك جۆرێك لە هۆگری هەبووە بۆ سیستەمی کاپیتاڵیسم و فیودالیسم، بەڵام لە ڕۆمانەکانیدا زۆر باش ڕووی ناشرینی ئەم سیستەمەی هەڵماڵیوە و دژی وەستاوەتەوە؛ واتە لە ڕێگەی منی نووسەرەوە کە منی دووەمی خودی بالزاکە و بە نووسەری شاراوە، یان ناڕاستەقینە ناسێنراوە، توانیویە گوزارشت لە باوەڕە شاراوەکانی خۆی بکات. ئەمەش بەڵگەی ژپە بۆ جیاوازی نێوان منی کۆمەڵایەتی نووسەر(ڕاستەقینە) و منی نووسەری نووسەر (دەق).

ئەگەر جیاوازیی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە شی بکەینەوە. ڕاستە هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناو دەروونی کەسەکە؛ چونکە ئێمە باش ئەوە دەزانین کە هەردووکیان تەنها یەك کەسن، بەڵام ئەوەی وا دەکات ببنە دوو مرۆڤی جیا و بەجۆرێك کە هەست و سۆز و جیهانبینیان جیاوازبێت، توانای نووسەرە بۆ دروستکردنی کەسێتییەك کە وابزانین ڕاستەقینەیە و جیاوازە لەخۆی. بارگۆڕینەکەش بەشێکی دەکەوێتە سەر ئەو وەزیفە جیاوازانەی ڕووبەڕووی ئەو خودە دەبێتەوە، بەیتبێژ لە ساتی گوتنی بەیتەکەدا تەواو دادەبڕێت لە ژیانی ڕاستەقینە خۆیی دەبێتە خولقێنەر و بگێڕەوەی بەیتەکە. خۆ ڕەنگە کاتێك بەیتبێژ بگەڕێتەوە بۆناو ژیانی ئاسایی خۆی هیچ پەیوەندی بە ناوەڕۆك و مانای بەیتەوە نەمێنێت و تەواو ببێتە کەسێکی جیاواز. ڕەنگە ئەمە بۆ ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەش ڕاست بێت، کاتێك بە پێی ئەو دۆخانەی تێی دەکەوێت وێنەی جیاواز و کەسێتی جیاوازی تێدا دەردەکەوێت؛ چونکە مرۆڤ هێشتا ئەوە نییە کە ئێمە پێمان وایە باش دەیناسین، بەڵکوو هەمان مرۆڤ شیانی ئەوەی تێدایە بگۆڕێت و ببێتە کەسێکی دیکە. تایبەت کاتێك دەکەوێتە بارودۆخێکی سەختەوە، یان دەکەوێتە نێوان ئاپۆڕەوە. بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێکی بەڕێز دەکەوێتە نێوان کارێکی خۆپیشاندانەوە و هوتاف و جۆرێك لە توڕەیی و هەڵچوون دێتە ئاراوە، هەمان ئەو مرۆڤە بەڕێزەی دوێنێ، دەست دەکات بە جوێندان و شکاندنی دووکان و سووتاندنی ئۆتۆمبیل و... تاد هەورەك لە زۆرێك لەو خۆپیشاندانانە دەبینین کە. جا ئەمە بۆ ژیانی ڕاستەقینە ئەگەرێکی کراوە بێت، دەبێت بۆ هونەر و کارێکی ئەدەبی کە هەموو چالاکی و ئەکشنەکان لەسەر ڕووتەختی زماندا ڕوو دەدەن، دەبێت چەند ئاسان و ئەگەرێکی بەرجەستە بێت.

بۆیە زۆرجار بەیتبێژ سڵ لەوە ناکاتەوە کە کارەکتەر، یان ئەو وێنانەی دەیخولقێنێت بان سروشتی و نا ئاسایی بن، یان باسێك بێنێتە ئاراوە کە تەواو پێچەوانەی سروشتی کەسێتی خۆی بن؛ چوونکە ئەوەی حیکایەت دەگێڕێتەوە خۆی نییە، بەڵکوو مێکی دیکەیە لەوێ دانیشتووە و وەك گێڕەرەوە، یان کارەکتەر، یان بەیتبێژ، یان نووسەرێك ڕۆڵ دەگێڕێت:

«دێ دێ هلۆن دیسان ب جۆش / جارەك ژ جارێ مەی بنۆش / بێژم قسا زەمبیل فرۆش / دا سەح بکەین حیکایەتی»

(فەقێ تەیران،٢٠١٨).

فەقی تەیران سەرەتاکەی بە مەی خواردنەوە دەست پێدەکات، بەکار هێنانی وشەی مەی ئەگەرچی لەناو ئەدەبیاتی سۆفیانەدا مەبەست لێی شەرابی عیشق و خودی عیشقە کە عاشقان سەرخۆش دەکات، بەڵام لە ئاستە کۆمەڵایەتی و ڕاستەقینەکەیدا عەیبە و بڤەیە. لێ لەبەر ئەوەی مەی وەك گوزارە ناکەوێتە نێوان ژیانی واقی نووسەری ڕاستەقینەوە و بەکاربردنی ئەم وشەیە دەکەوێتە سەرزاری نووسەری دەق، بۆیە هیچ عەیبە و نەنگییەك بۆ نووسەری ڕاستەقینە ناهێنێتە پێشەوە. لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەکە بریتییە لە نووسین و کاری هونەری کە مرۆڤ تێیدا ئازادە و باشتر دەتوانێت ئەوەی لە خەیاڵ و دەروونیایەتی دەری ببڕێت و بیکاتە دەنگ و نووسین و ئاوازە.

٤- وەگێڕ و گێڕانەوەبیست

بنەمای سێیەمی تێکستی گێڕانەوەی ئەدەبی لای ژپ، بریتییە لە بوونی دوو کارەکتەری سەرەکی کە ئەوانیش بریتیین لە هەر یەك لە گێڕەرەوە و بۆگێڕەوە. کە ئەمانە خاسیەت و سیفاتی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ نموونە کاتێك بەراورد دەکەین لە نێوان کاری ڕۆژنامەنووسێك، کاتێك ڕووداوێك دەگێڕێتەوە و ڕۆمانووسێك کاتێك ڕووداوێك باس دەکات، دەبینین کە ڕۆژنامەنووسەکە ڕاستەوخۆ بێ بوونی هیچ کەسێکی دیکە، خۆی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ڕۆمانووسەکە بەهۆی کەسێکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات کە ئەویش بریتییە لە گێڕەرەوە.

«وەگێڕ وەك کەسێکی ناوەندگیر وایە لە نێوان نووسەر و چیرۆکی ڕۆمانەکە»(لینت ڤۆلت،١٣٩٠:١٢) بۆیە بوونی وەگێڕ بەشێکی سەرەکییە لە تێکستی گێڕانەوەی ئەدەبی. لەگەڵ ئەمەش هەم شتانسل[1] و هەم فۆگەر[2] ئەوەیان لەبیر چووە کە نووسەری دەق ڕۆڵی ناوەندگیری سەرەکییە لە هەموو تێکستێکی گێڕانەوەی ئەدەبیدا؛ چوونکە هەر ئەم نووسەرەیە کە جیهانی

1. Stanzel.
2. Fuger.

گێڕانەوە دەخوڵقێنێت و ڕۆڵ دەداتە گێڕەرەوەیەکی خەیاڵی کە ئەمیش جیهانی گێڕدراوە بۆ خوێنەری خەیاڵی (گێڕانەوەبیست) دەگوازێتەوە (هەمان،۱۳). مەبەستیش لە گێڕانەوەبیست کە بوونێکی خەیاڵیە، دەبێت لە خوێنەری دەق و خوێنەری ڕاستەقینە جیابکەینەوە؛ چونکە بۆگێڕەوە دەکرێت کارەکتەرێکی خەیاڵی نێوان ڕۆمانێك بێت کە هیچ مێژوویەکی لە ژیانی ئێمەدا نەبێت. یاخود دەکرێت کەسێکی وێناکراوی خەیاڵی گێڕەرەوەبێت و وەگێڕ وەك بێ هیوایەك لەوەی مرۆڤایەتی تێی ناگات، چیرۆکی خۆی ئاڕاستەی کەسێکی نادیار و ناپەیدا بکات.

هەڵبەت وەگێڕ ، وێنەدانەوەی سێیەمی کەسێتی نووسەری ڕاستەقینەیە، ئەم گوتەیە دەبێت هێشتا ورد بکرێتەوە و پرسیاری ئەوە دروست دەکات کە مرۆڤ وەك بوویەکی بیرکەرەوەوە توناداره بەوەی کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی لەناو دەیان دەم و چاو و وێنەی جیاوازدا بشارێتەوە و بە ئەندازەی ئەو کەسانەی دەیانناسێت هێزی ئەوەی هەیە وەك هەموویان بیربکاتەوە و وەك ئەوان بتوانێت بژیت و دواجاریش دەتوانێت ببێت بە ئەوان. هەڵبەت ئەم توانایە شیانێکی سروشتییە لەناو مرۆڤدا و بەهۆی ئەمەوە دەتوانێت سەرەتا کاریگەر بێت بە خەڵکی و دواتریش لە قۆناغێکی قوڵی ڕۆحیدا بگات بە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی. تەنانەت زۆر جار لەو کۆمەڵگانەی کە تابۆرێژن بەوەی تاك نەتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات، کاتێك ئەم سوژە تابۆکراوە دەکەوێتە نێوان خوڵقاندنی کارەکتەر و_دروست کردنی کەسێتی، بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی، یان چیرۆکەکەی، یان داستانەکەی بنووسێتەوە، یان بیگێڕێتەوە، وەگێڕێك وێنا دەکات کە تەواو گوزارشتە لە خۆی؛ واتە لە جێی ئەوەی بوونە ڕاستەقینەکە خۆی بێت وەگێڕە خەیاڵییەکە خۆیەتی.

ئەمە لە سەر ئاستی خودی و پەیوەندی بە خودی خۆیەوە. لەسەر ئاستی ئەویتریش هەمان ڕێسا بەرجەستە دەبێت، کاتێك مرۆڤ بێ هیوا دەبێت لەوەی بگاتە ئەو کەسانەی کە دەیەوێت پێان بگات و لە گەڵیان بژیت، بە جۆرێك ئیتر لە هەموو ئەو ئەزموونە خودی و کۆمەڵایەتییەی بەسەری بردووە لە کۆمەڵگەدا، لەو حاڵە ترسناك و تاقەتبڕوکێنەدا، ئیتر دێت وێنەی ئەو کەسانە دەکێشێت و دەیانکاتە هاوڕێ و برادەر و خۆشەویستی خۆی؛ واتە بۆگێڕەوەیەك وێنادەکات هەمان ئەو کەسەیە خەونی پێوە دەبینێت. دروست کرنی هەردوو ئەم بوونەوەرە خەیاڵییە، دەکەوێتە دەست نووسەری دەق نەك نووسەری ڕاستەقینە، ئەگەرچی نووسەری دەقیش وێنەدانەوەیەکی نووسەری ڕاستەقینەیە، بەڵام لەم بارەدا دەچێتە دواوە و نووسەری دەق ئەم کارە ئەنجام دەدات.

«خاتوون دەڵێ: لاو مەکە چ قسە و چ دەنگان / بچیە نێوان حەوت بەحری نەهەنگان / خەلاس نابی بە چ ڕەنگان / نایەبێی سەرپێی مەسڵەحەتێ» (توحفەی موزەفەرییە، ۲۰۱۱: ٤٤).

لێرەدا کاتێك گوزارەی "خاتوون دەڵێ" دەبینین کە بەیتبێژ بەکاری هێناوە، دەبینین خاتوون یەکێکە لە وەگێڕەکانی نێوان ئەم بەیتە و قسەکانی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی ڕێگەی ئەم قسەکردنەی بۆ واڵا دەکات خودی بەیتبێژە؛ واتە کەسێتی دەقی بەیتبێژە، نەك کەسێتی ڕاستەقینە ئەو و پێشتریش ئەمەمان باش ڕوون کردتۆتەوە؛ چوونکە ئەوە بەیتبێژی ناڕاستەقینە خاتوون دەهێنێتە سەر شانۆی بەیتەکە و خاتوونیش هەموو ڕاز و نیازەکانی ئاشکرا دەکات. بەڵام خاتوون پەیامی خۆی ئاڕاستەی کێ دەکات؟ ئاڕاستەی زەمبیل فرۆش دەکات؛ واتە زەمبیل فرۆش لێرەدا وەك بۆگێڕەوەیەك گوێ قوڵاغی پەیامی خاتوونە و ڕادەوەستێت تا بزانێت مەرام و چیرۆکی خاتوون چییە؟ یا ئەویش خۆی حازر بکات و وەڵامی خۆی هەبێت. تا ئەو جێیەی گوێگرە ئەرکی بۆ گێڕەوە دەگێڕێت، بەڵام کاتێك ئەویش بە وەڵام دێت ئەرکەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە وەگێڕ.

«لاو دەڵێ خاتوونی بە ئەرکان و تۆرە / مەسڵەحەت ناکرێ بە زۆرە / ئێوارە دابێ ئەنگۆرە / تێی دەبینین مەسڵەحەتێ» (توحفەی موزەفەرییە، ۲۰۱۱: ٤١).

۱-٤- جیاوازیی نێوان وەگێڕ و نووسەری ڕاستەقینە

لە ڕاستیدا هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە دەبێت گێڕەرەوە لە خودی نووسەرە ڕاستەقینەکە جیابکەینەوە. هەر وەك وڵف گانگ دەڵێت «وەگێڕ وێنەیەکی خوڵقێنراوە کە پەیوەستە بە هەموو دەقە ئەدەبییەکەوە» (لینت ڤۆلت،۱۳۹۰:۱۵).

بەم شێوازە لە هونەری گێڕانەوەدا گێڕەرەوە کەسێکی ناسراو یان نەناس نییە، بەڵکوو ئەو ناوەندگیرەیە کە خوڵقێنراوی خودی نووسەرە. مەرجیش نییە ئەم کەسێتییە نوێنەرایەتی نووسەر بکات لە گواستنەوەی پەیام و ئایدۆلۆژییەکانی، بەڵکوو زۆر جار ئازادە و مامەڵەی ئەو وابەستەی ئەو تەونەیە کە چیرۆکەکە ئاراستە دەکات. بۆ نموونە زۆر جار دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا خودا کاتێك ڕای هاوسەری زولەیخا، یان ئەو ئافرەتەی کە داوای کاری نابەجێی لە یوسف پێغەمبەر کرد، کاتێك کە فێڵی ژنەکەی دیت و زانی کە کراسەکەی یوسف لە دواوە دڕاوە، وتی: «ان کیدکن عظیم» (یوسف: ٢٨) ئەم ڕایە لەسەر ژنان کە فێڵ و مەکریان گەورەیە، لە ڕاستیدا باوەڕ و ڕای خودا نییە، بەڵکو ڕای هاوسەری ئافرەتەکەیە و خودا لێرەدا ئازادی داوە بە وەگێڕ کە گوزراشت لە ڕای خۆی بکات. ئەگەرچی زۆر جار ئەم گوتەیە دراوەتە پاڵ خودا و کردوویانە بە بەڵگەی ئەوەی خودا ژنانی بە فێڵزانی گەورە وەسف کردووە، بەڵام کاتێك ورد دەبینەوە دەبینین کە ئەمە ڕای وەگێڕی ناو گێڕانەوەکەیە نەك خودا.

ئیشتانسل لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاستە «سەرەتا وادەزانین کە گێڕەرەوە و نووسەر زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام ئەگەر وردبینەوە دەبینین کە جیاوازن لە یەکتری، وەگێڕ کەمتر دەزانێت و زۆرجاریش چاوەڕوانیی لە ئەو لە بەرانبەر نووسەر زیاترە و بە باوەڕی واوە دەردەکەوێت کە جیاوازە لە باوەڕی نووسەر. بۆیە وەگێڕ کەسێکی سەربەخۆیە کە نووسەر هەروەك هەموو کەسانی دیکەی نێوان ڕۆمان دەیان خولقێنێت» (هەمان،١٥). هەروەها ڕۆلان بارت پێی وایە «وەگێڕ و کارەکتەرەکان مرۆڤی سەر کاغەزن و هەرگیز لەگەڵ نووسەری ڕاستەقینە تێکەڵ نابن و نابنە یەك» (هەمان).

بارت زۆر ورد ئەم جیاکارییەی نێوان وەگێڕ و نووسەر ئاماژە پێدەدات و جیایان دەکاتەوە؛ چون بۆ ئەو کۆمەڵگانەی کە هێشتا هەژارن لەسەر زانیار هونەرەکانی گێڕانەوە قسە و گوفتاری وەگێڕ لەسەر خودی نووسەرەکە حساب دەکەن بە جۆرێك کاتێك وەگێڕ حاڵەتێکی هەیە کە نامۆیە بە کۆمەڵگەکە، یان ڕەفتارەکانی ناجۆر و ناپاساییـن، ئیتر ئەوە دەخرێتە ملی نووسەری ڕاستەقینە. ئەگەر سەیربکەین تەنانەت وەگێڕ خۆی لە نووسەری دەقش جیادەکاتەوە و کەسێکی سەربەخۆیە جا چجای نووسەری ڕاستەقینە. بۆ زانستی گێڕانەوەناسیش لەبەر ئەوەی سەروکاری لەگەڵ گێڕانەوە هەیە، دەبێت زۆر ورد هەموو ئەم یەکە پێکهێنەرانە لە یەك جیابکاتەوە و پلەبەندییان بکات و وەزیفەی هەر یەکەیان بخاتە ڕوو. هەڵبەت بەیت_لەبەر ئەوەی بەیتبێژ بە شێوازی جۆرێك لە گۆرانی و ئاوازە هەموو حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە و بەرپرسە لە کۆی ڕووداوەکە.

«ژن دەهات لە دەرکێی مزگەوتی ڕادەوەستا دەیگوت وەی دەروێش / ئەو تاعەتەی ئەوی دەکەی / ڕەبی خودا لێت قبوڵ بکا / ئەمنی زەلیل و بێ کەس و بێ چارە و بێ نەوا بۆ وا بەرەڵا دەکا» (خلەدەرزی، ٢٠١٩).

لێرەدا ژنی زەمبیلفرۆش وەك یەکێك لە وەگێڕەکانی ئەم بەیتە، دێتە ناو حیکایەتەکەوە و دەچێتە بەردەم ئەو مزگەوتەی زەمبیل فرۆش چلەی تێداکێشاوە. هەڵبەت بوونی ژنی زەمبیل فرۆش بوونێکی ناچارییە، تا بزانین ئەو وازهێنانەی زەمبیل فرۆش چۆن بووە تا گوێگر و وەرگر یان بۆگێڕەوە بە تەواوی بکەوێتە نێوان حیکایەتەکەوە. بەمەش وەك کەسێتییەکی سەربەخۆ لە ناو حیکایەتەکەدا خودان گوتاری تایبەت بە خۆیەتی و خۆی لە بەیتبێژی ڕاستەقینە جیادەکاتەوە. بەجۆرێك دەبێتە هەڵگری گوتارێکی ژنانە بۆخۆی، نەك هەڵگری گوتاری پیاوانە کە ئەویش بریتییە لە بەیتبێژی ڕاستەقینە.

٢-٤- جیاوازیی نێوان وەگێڕ و نووسەری ناو دەق

گێڕەرەوە ڕۆڵێکی سەرەکی و ناچاری لە گێڕانەوەدا هەیە کە دولوزل بە ڕۆڵی وێناکردن ناوی دەبات. ئەم وەزیفەیەش لەگەڵ هەردوو وەزیفەی (**چاودێری**) و (**ئیدارەدانی**) گێڕانەوە یەکدەگرێت. لەبەر ئەوەی وەگێڕ(گێڕەرەوە) چاودێرە بەسەر تەونی دەقەکەوە بەو مانایەی کە توانادارە بەسەر گوتاری کارەکتەرەکانی نێوان دەقەکە. هەروەها ڕێ خۆشکەرە لە دەربڕینی گوتاری کەسێتییەکان. هەر لە کردار و دەربڕینی شعریان و گفتوگۆکانیان. هەروەها ڕۆڵ دەگێڕێت لە نیشانە گرتەیەکانی دەقی گێڕانەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە کە وەگێڕ ئەم ڕۆلانەی نەبێت، ئەوە ناگونجێت و ناچێتە نێوان گوتاری گێڕانەوەناسییەوە. لەگەڵ ئەو دوو وەزیفە سەرکییەی وەگێڕ کە ناچارییە. وەگێڕ ئازادە لەوەی ڕۆڵی تەفسیرکردنی کردە و گوتارەکان بگرێتە ئەستۆ، یاخود بێ ئەوەی پاسا و یان تەفسیری کردە و گوتارەکانی خۆی و کارەکتەرکان بکات، تەنها وێنا

بکات و دیمەنەکان بگوازێتەوە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان وەگێڕی تەفسیرگەر و نووسەری دەق لەگەڵ وەگێڕی ناتەفسیرگەر و نووسەری دەق (لینت ڤۆڵت،۱۷:۱۳۹۰).

بۆ نموونە بەشێکی زۆری پاڵەوانەکانی بەختیار عەلی لەو تایپەن کە وەگێڕی تەفسیرگەرن و بۆ هەر کردە و وتەیەکیان تەفسیر و پاساوی تایبەتیش باس دەکەن، بەڵام لای هارۆکی مۆراکامی وەگێڕەکان ناتەفسیرگەرن و لێ دەگەڕێن خوێنەر خۆی خاوەنی تەئویل و تەفسیری تایبەت بەخۆی بێت؛ واتە ئەو وەگێڕەی تەفسیر بۆ کردە درامی و گوتارەکان دەکات، جۆرێکە لە تایپی ڕۆمان و کارەکتەر کە بەشێك لە ڕەخنەگران لەبەر ئەوەی ئاگاداری ئەم وردەکارییە نیین، ئەو بەشەی کە وەگێڕێك دێت قسە لەبارەی شتێکەوە دەکات، ناوی دەنێن وتار و دەیخەنە دەرەوەی هونەری گێڕانەوەوە. لە کاتێکدا ئێمە دووجۆر لە وەگێڕی تایبەتمان هەیە،. یەکەمیان تەنها نیشان دەدات. دووەمیان لەگەڵ نیشاندان شەرح و باسی شتەکان دەکات؛ واتە ئەمە بە هیچ جۆرێك خەوش و نەنگ نییە لە ڕۆماندا، بەڵکوو جۆرێکی تایبەتە و ئەو ڕۆمانە هێزەکەی لەوەدایە کە بەو جۆرە وەگێڕە هەم چاودێری ڕەوتی گێڕانەوە بکات، هەم ئیدارەدانی گێڕانەوەکە بگرێتە ئەستۆ.

هەڵبەت بۆ گێڕانەوەی کوردی و تایبەت ڕۆمانی کوردی، لەبەر ئەوەی ڕۆماننووسی کورد هێشتا توانای ئەوەی نەبووە کە کارەکتەرەکان لە خودی خۆی دوور بخاتەوە، زیاتر بە لای ئەوەدا شکاوەتەوە کە وەگێڕەکانی لەو جۆرە بن کە تەفسیرگەرن و بۆ هەموو کردەیەك وتارێك، یان ستوونێکی تایبەت دەنووسێت. لەمەشدا ئازادە و پەیڕەوی لەوجۆرە وەگێڕە کردووە. بەڵام هەرچی ئەدەبی ئەورووپییە زۆر کەمتر پەیڕەوی ئەم جۆرەی کردووە، ئەگەر هەشبووبێ هی سەرەتاکانی پەیدابوونی ڕۆمان بووە لە ئەورووپادا و بە تێبەڕبوونی کات، شێوازی دیکەی وەگێڕی بەرهەم هێناوە. ئەم جۆرەش ڕاستەوخۆ لەسەر وەگێڕ حسابە، نەك نووسەری دەق؛ واتە ئەوە وەگێڕەکەیە جیهان بەو شێوەیە دەبینێت و وێنای دەکات، نەك نووسەری ناو دەقەکە. بۆ نموونە کاتێك خاتوون داوای سەرجێی و ئەوە دەکات کە زەمبیل فرۆش لەگەڵی بچێتە ژوان و بخەون هەروەك فەقێ تەیران دەیگێڕێتەوە:

«خاتوون دبێ چارە توونینە / شەرم مەکە وەرە نڤینە/ من ب تەدایە ئەڤینە / دا ب بینم ژتە لەزەتێ» (فەقێ تەیران، ۲۰۱۸)

کاتێك لەم بەشەی بەیتەکە دەنۆڕین دەبینین، خاتوون وەك کچە پاشایەك دڵی خۆی دەداتە زەمبیل_فرۆشێکی هەژار و بەرگ دڕاو، پاشان داوای لەزەت و تێکەڵی جەستەیی دەکات. خۆ گەر ئێمە ئاوڕێك لە کۆمەڵگەی کوردی بدەینەوە، باش دەزانین کە ئەوە بۆ ژنی کورد زۆر ئەستەمە و قەت ئەو داوایە ناکات. تەنانەت بۆ خودی بەیتبێژ، یان شاعیر کە بڕوای بەوە هەبێت، زۆر ئەستەمە و ئەگەر شتێکی وا بڵێت، یان بیریشی لێ بکاتەوە، پێش ئەوەی خەڵك لێی_قبوڵ نەکات، خۆی لە خۆی قبوڵ ناکات، بەڵام وەك گوتارێکی سەربەخۆ دەیخاتە سەر گەرووی خاتوون کە وەك وەگێڕێك لە بەیتەکەدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. لێرەشەوە نووسەری دەق خۆی لە وەگێڕ جیادەکاتەوە.

۳-٤- جیاوازیی نێوان وەگێڕی ڕاڤەکار و نووسەری دەق

واین بۆس[1]باوەڕی وایە کە «وەگێڕ هەندێك جار یان هیچ کات وێنەدانەوەی وێنەی هونەرمەندی ناو تێکست نییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازیشە لە نووسەری دەق کە دەخولقێنێت» (لینت ڤۆڵت، ۱۷:۱۳۹۰). وەگێڕ منی دووەمە کە وەك وتەبێژی چیرۆك دێتە مەیدانەکەوە و کارەکانیشی جۆراوجۆرن کە هەندێکیان ئاشکران و هەندێکیشیان شاراوەن. هەمووشی ڕێ خۆشکردنە بۆ کردەی گێڕانەوە. لێرەوە تێدەگەین کە نووسەری دەق بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و ڕوون نایەتە نێوان گێڕانەوەوە، بەڵکوو لە پشت گوتارە ئایدۆلۆژیەکانی وەگێڕی خەیاڵی ڕادەوەستێت. لەم بارەشدا ئەوە نووسەری دەق نییە کە قسەدەکات، بەڵکو وەگێڕە دەدوێت. زیاتر لەمە دەبێت ئەوە بزانین کە هەڵوێستی ئایدۆلۆژی نووسەری دەق، ئەگەرچی بشچێتە سەر زاری وەگێڕ، هێشتا وەك یەك نین و هەر تەنها بەشێکی بچووکە لە گوتاری وەگێڕ. هەرچی وەگێڕی تەفسیرگەرە کە پێشتر کەمێك لێی دوایین، لەگەڵ کردەی

---

1. wayne both.

نیشاندان و دیتن و گواستنەوەی دیمەنەکان بۆ وەرگر، تەفسیری حاڵەت و بارەکانیش دەگرێتە ئەستۆ. وەك ئەوەی سەبری ئەوەی نەبێت خوێنەر بیربکاتەوە، پێش خوێنەر دەکەوێت و خۆی ئاماژە شاراوەکانی پشت دەقەکە شرۆڤە دەکات.

ڕەنگە ئەمە بۆ بەیت و ئەدەبی سەرزارەکی تۆزێك قورس بێت، بەڵام ئەوەی ئەم شرۆڤە دەگرێتە دەست لەناو بەیتەکە نییە، بەڵکوو بەیتبێژ زۆر جار گوتنی بەیتەکە ڕادەگرێت و خۆی شەرح، یان ڕوونکردنەوەیێك دەدات لەسەر ئەوەی بەیتەکە باش بگاتە گوێی بیسەر؛ واتە لەناو ئەدەبیاتی سەر زارەکی و تایبەت بەیت حاڵەتەکە جیاوازە و کارەکتەر و وەگێڕی ناو بەیتەکە ناتوانن ئەم کارە بکەن و تەفسیری بار و حالەتی خۆیان بکەن، بەڵام بەیتبێژ لەو شوێنەی هەست بکات پێویسە ڕوونکردنەوە بدات، بەیتەکە ڕادەگرێت؛ واتە لە شێوازی ئاوازە و گۆرانییەوە دەیکاتە قسە و شەرحێکی بچویك دەکات، ئینجا دووبارە دەست بە گوتنی بەیتەکە دەکاتەوە.

هەر وەك کۆتایی دەقی خدر دەرزی لە کۆتایی بەیتەکە بەشێوەی نەسر و وەك قسەی ئاسایی بەشێکی بەیتەکە شەرح دەکات و شرۆڤەی دەکات، ئەمەش دەخالەتی ڕاستەخۆی نووسەری دەقیە بۆ ناو بەیتەکە، تا یارمەتیدەر بێت بۆ وەگێڕەکانی دیکە، تا بتوانن پەیامەکەیان بگات. هەروەها لە دەقەکەی ئۆسکارماندا بەیتبێژ ناوەناوە وەك تەفسیرگەری بەیتەکە، شێوازی گوتنی بەیتەکە وەك گۆرانی ڕادەگرێت و شەرحی هەندێك ڕووداو بە زمانێکی ئاسایی دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

٤-٤- جیاوازیی نێوان وەگێڕی ناڕاڤەکار و نووسەری دەق

بە باوەڕی لۆبۆك ئەگەر وەگێڕ ئەرکی ڕاڤەکردنی لێ سەندرایەوە لەم بارەدا بۆسیش باوەڕی ئەوەیە کە ناتوانرێت جیاوازی لەنێوان وەگێڕ و نووسەری دەق بکرێت. هەروەك گێڕەرەوەی ڕۆمانی بکوژەکانی هەمنگوای کە هەمان منی دووەمی نووسەرە (نووسەری دەق)، بەڵام بۆس ئەوەی لەبیرکردووە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان وەگێڕێك هەیە کە هەڵدەستێت بە کردەی گێڕانەوە بۆ بۆگێڕەوە لەگەڵ نووسەری دەق کە هەرگیز ڕۆڵی قسەکەر لە گێڕانەوەدا ناگێڕێت. وەگێڕ بەردەوامە لە کردەی گێڕانەوە و چاودێری کردنی گێڕانەوە کە ئەم دوو ئەرکەی ناچاریە و هەرچی تایبەتیشە بە کردەی تەفسیرکردن، ئەوە وەزیفەیەکی ئازادانەیە دەتوانێت بیکات و دەشتوانێت ئەنجامی نەدات، بەڵام وەگێڕ بە بەردەوامی لە هەموو تێکستێکی ئەدەبی گێڕانەوەدا توخمێکی سەرەکییە (لینت ڤۆڵت، ١٨:١٣٩٠).

کردەی تەفسیرکردن بۆ وەگێڕی ناڕاڤەکار، دەبێتە ئەرکێکی گران بەسەر شانییەوە و وەزیفەیەکی قورس ئاڕاستەی وەگێڕ دەکاتەوە کە ئازادی ببەخشێت بە وەرگر و خوێنەر، تا بتوانن لە خەیاڵی خۆیاندا وێنە نیشاندراوەکانی وەگێڕ وێنا بکەنەوە. بۆ بەیتبێژ ئەمە کارەکە ئاسانتر دەکات؛ چوونکە یەکسەرە بەیتەکەی خۆی دەڵێت و بە ئاسانی دەتوانێت بەیتەکەی خۆی بگێڕێتەوە. لە دەقی عوسمان هەمەوەندیدا بەیتەکە بە یەك جار و بێ پچڕان دێتە خوار تا کۆتایی خۆی تەواو دەکات بێ ئەوەی وەگێڕەکان، یان بەیتبێژ ناچار بەوە بێت، تەفسیری هەندێ کردە، یان ڕووداو بکات (شێخانی، ١٩٨٦). لەڕۆمانی کوردیدا زۆر کەم ئەم جۆرە وەگێڕە بەدی دەکەین، بەڵام لە ڕۆمانی جیهانی و تایبەت ڕۆمانی نوێ، زۆرینە سەر بەم تایپەن لە وەگێڕ کە دەخالەت لە کەسێتی و ڕووداو و کردە دراميیەکانی ناو ڕۆمانەکە ناکەن؛ واتە جۆرێك لە نیشاندان پەیڕەو دەکەن و خوێنەر و وەرگر ئازاد دەکەن لە دیتنی دیمەنەکان. باسەکەش لەوە نییە کە ئایا کامیان باشترن یان نا، بەڵکوو باسەکە ئەوەیە جۆری ڕۆمان و شێوازی گێڕانەوەکە ئاڕاستەی ئەوە دەکات کە ئایا وەگێڕ تەفسیرگەر بێت، یاخود بۆ هیچ کردەیەك تەفسیرنەکات و تەنها نیشانبدات. بۆ نموونە بۆ ڕۆمانێکی دەروونی و عیرفانی کە زیاتر سود لە هونەری مۆنۆلۆگ وەردەگرێت، وەگێڕ ناچارە بەوەی تەفسیرگەربێت؛ چونکە مۆنۆلۆگ تەنها خۆدواندن و خۆخاڵیکردنەوە نییە، بەڵکوو دەربڕینی بۆچوونیشە دەربارەی هەموو کردە و ڕووداوەکان و قسە لەسەر کردنیانە، بەڵام لەو ڕۆمانانەی تەنها هونەری دایەلۆگ تێیدا باڵادەستە، وەگێڕ کەمتر خۆی لەقەری ئەوە دەدات تەفسیرگەربێت؛ چونکە خودی کارەکتەرەکان بە کردە و نمایش کردەی گێڕانەوە بە پێشدەخەن.

٤-٥- جیاوازیی نێوان وەگێڕ و نووسەری ڕاستەقینە و نووسەری دەق

باختین باوەڕی وایە کە «بیروباوەڕی نووسەر بە درێژایی کارە ئەدەبییەکەی بڵاودەبێتەوە، دەشتوانین کە گوتاری نووسەر بە شێوەی قسە و بیرکردنەوە و لە ڕێگەی گەرووی کارەکتەرەکانەوە بناسینەوە» (هەمان: ١٩). بەڵام بۆ خۆ جیاکردنەوە لە نووسەری ڕاستەقینە، دەبێت سەرەتا ئەوە یەکلابکەینەوە کە ئایدۆلۆژیای کاری ئەدەبی، هەمان ئایدۆلۆژیای نووسەرە شاراوەکەی ناو دەق(نووسەری دەق) نییە. پاشان ئەمەش ڕاستەوخۆ دەرنابڕدرێت، بەڵکو پێویستی بە کەسێکی دیکە هەیە کە ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ ئەویش وەگێڕە. ڕاستە کە کارەکتەر و کەسێتییەکان وەك وتەبێژی نووسەری دەق دێنە گۆ، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئایدۆلۆژیای نووسەر ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وەگێڕ و پاڵەوانەکان بەدیار دەکەون، بەڵکوو بەڕێگەی ڕامان لە کۆی ڕۆمانەکە، دەتوانین ئەوە بدۆزینەوە کە نووسەری شاراوە، لە ڕێگەی گوتاری کارەکتەر و کەسێتییەکانەوە بەرپرسە لە بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای ڕۆمانەکە. وەگێڕ تا ئەو جێیەی دەخوڵقێت، یەکراست خۆی جیادەکاتەوە و لە ژێر دەسەڵاتی نووسەر دێتە دەرەوە، تا بتوانێت بەو ئەرکەی خۆی هەڵبستێت کە لە کۆی دەقەکەدا دەکەوێتە ئەستۆی. بەمەش وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ ڕۆڵی خۆی ئەنجام دەدات و گوزارشت لە جووڵەی خۆی دەکات. ئەوەی پەیوەندی بە بەیتەوە هەیە، بەیتبێژ وەك بێژەر و داڕێژەری کۆی بەیتەکە کە دەچێتە جێگەی نووسەری دەق، کاتێك دێتە سەر باسکردنی کەسێتییەکان، زۆربەی جار بە وشەی (گوتی) گوزارشت لە ڕۆڵ و جوڵەی ئەو کارەکتەرە دەکات و کارەکتەرەکەش وەك وەگێڕێك دێتە نێوان حیکایەتەکەوە.

«دەیگوت ئەو شوغڵەی دەکەی شوڵکان لە کویّ دێنی / دەیگوت لەو چۆمە ئاوەی شوڵکەی دێنم / ماڵ و عایەلەی خۆی پی بەڕێ دەکا / دەیگوت ئەگەر بچم شوڵکان بێنم لە ڕای خوا پێم ناڵێی/ دەیگوت بەرێوەڵا پێت دەڵێم» (خلە دەرزی، ٢٠١٩).

ئەگەر بنۆڕین دەبینین دەیگوتی یەکەم، خودی زەمبیلفرۆشە و دەیەوێت زانیاری لەسەر ئەوە دەست بکەوێت چۆن کاسپییەکی حەڵاڵ بکات. دەیگوتی دووەم کابرایەکی زەمبیل فرۆشە و پاشای دنیاتەرکردوو فێری هێنانی شوڵك دەکات و هەم فێری ئەوەشی دەکات کە چۆن زەمبیل دروستبکات و بیفرۆشێت. بوونی ئەم کارەکتەرە لێرەدا زەرووورەتێك دەخوڵقێنێت کە چۆن پاشایەك پێشتر هەر فەرمانی کردووە، ئێستا چۆن فێری زەمبیل چنین و فرۆشتنی بووە. هەڵبەت بەیتبێژ زۆر زیرەکانە جێگەی ئەو پرسیارەی لە زەینی خوێنەر، یان گوێگر هەیە ناهێڵێت و پڕی دەکاتەوە.

ئەگەر لەوە ورد ببینەوە باشە دروستکرنی زەمبیلفرۆشێك لەسەرەتاوە هەر بۆ ئەوە بووە کە ڕێگەی شوڵکان و زەمبیل فرۆشتن فێری زەمبیل فرۆش بکات، ئایا ئەم وەگێڕە دەتوانێت لە دەسەڵاتی نووسەر وەرگەڕێت و ئەو کارە نەکات؟ هەڵبەت ئەگەر بێت و ئەو کارە نەکات کێشەیەکی فیکری هەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە مادام ئەوە ناکەیت بوونی تۆ لێرە چییە؟ واتە تووشی کێشەی نەبوونی شوناس دەبێتەوە. ئەمەش وا دەکات کە بوون و نەبوونی وەك یەک بێت، بەڵام لەو شوێنەی دەخوڵقێت جۆرێك لە ئازادی هەیە، تا گوزارشت لە جوڵە و کارەکەی خۆی بکات؛ واتە نووسەریش ناتوانێت ئەرکێکی دیکەی پێ بسپێرێت. بۆ نموونە ئەو زەمبیل فرۆشە ئەرکی ئەوە بێت کە پێی بڵێت نەچێتە بەردەم ماڵی کچە پاشا. کە ئەمە کاری ئەو نییە و نووسەریش ناتوانێت ئەمەی لەسەر بکاتە کارێکی ناچاری، بۆیە وەگێڕ تا ئاستێکی باش ئازادی خۆی لە نووسەری ڕاستەقینە و دەق دەستێنێتەوە و خۆی کارەکانی خۆی هەڵدەسوڕێنێت.

٤-٦- جیاوازیی نێوان گێڕانەوەبیست و خوێنەری ڕاستەقینە

چۆن پێوست بوو کە جیاوازیی لە نێوان وەگێڕی خەیاڵی و نووسەری ڕاستەقینە بکەین، ئاواش گرنگە کە جیاوازیی لەنێوان گێڕانەوەبیست کە ڕۆڵی گوێگر و خوێنەرێکی خەیاڵی لەناو جیهانی گێڕانەوەدا دەبینێت، لەگەڵ خوێنەری ڕاستەقینە بکەین. کە مرۆڤێکە ژیانێکی سەربەخۆی لە واقعدا هەیە. بەتایبەت خوێنەرێك کە وەگێڕ لەسەرەتای گێڕانەوەکەوە پەیامی ئاڕاستە دەکات؛ واتە خوێنەری ڕاستەقینە و بۆگێڕەوە جیاوازن. دەکرێت بۆگێڕەوە کەسێکی ناو داستانەکە بێت کە گوێی لە وەگێڕ گرتووە، یان ئەو کەسە وێناکراوە خەیاڵییە کە نووسەری شاراوە، خوازیارە بیدۆزێتەوە و لە تەواوی پەیامەکانی تێبگات. بۆیە هەمیشە خوێنەری ڕاستەقینە جیاوازە لە بۆگێڕەوە. لە بارێکدا ئەگەرهاتوو زۆر لە یەکیش چوون کە ئەمە زۆر ئەستەمە،

ئەو کاتیش نابێتە بنەما و دەبێتە شتێکی لاوەکی (لینت ڤۆڵت،١٣٩٠:٢٠). خوێنەری ڕاستەقینە لە گۆشت و خوێنە کە مەرج نییە بکەوێتە سەردەمی نووسەرەوە، بەڵکوو دوای سەدان ساڵ کۆمەڵێك خوێنەر پەیدا دەبن کە جارێکی تر ئاوڕ لەو دەقە دەدەنەوە و دەیخوێننەوە. پێشتر ئەوە ڕوون بۆوە کە بۆگێڕەوە خۆی لە خوێنەر جیادەکاتەوە، تایبەتیش خوێنەری ڕاستەقینە. ڕەنگە بۆگێڕەوە هەر کارەکتەرێکی نێوان حیکایەتەکە بێت و گوێ لە چیرۆکی کارەکتەرێکی دیکە بگرێت. دەشکرێت بۆگێڕەوە نە خوێنەر بێت، نە لەناو حیکایەتەکە کارەکتەرێك بێت، بەڵکوو زۆرجار بۆگێڕەوە کەسێکی تایبەتە لە دڵی حیکایەت خوێندا کە نە ناوی دێت، نە دەش بێتە کارەکتەر؛ واتە کەسێکی خەیاڵی و زەینییە و حیکایەتخوێن خەونی پێوە دەبینێت. بەرجەستەکردنی ئەم بۆگێڕەوەیە، تەنها لەسەر ڕووتەختی زەینی حیکایەت خوان ڕوودەدات و ئەمە دەبێتە بەهانەیەك بۆ ئەوەی حیکایەتخوان چیرۆکەکەی خۆی بگێڕێتەوە؛ واتە کاتێك بەیتبێژ دەبێتە بەیت خوان و گۆرانیبێژ کەسێکی شاراوە دەخاتە دڵییەوە، تایبەت بۆ زەمانێك کە بەیت و بالۆرە و دەنگبێژ لەو سەردەمەدا ڕۆڵی نووسەر و وەگێڕیان دەدیت. کە ئەو سەردەمە بەهۆی بوونی تابۆی ترسناکی نێوان پەیوەندی ژن و پیاو، بەیتبێژ جا ژن بووبێت، یان پیاو، ڕەنگە هەموو بەیت و گۆرانییەکانی بۆ کەسی دڵخوازی خۆی وتبێت و لەوێوە کوڵی دڵی خۆی هەڵڕشتووە؛ واتە گێڕانەوەبیستێکی شاراوە بوونی هەیە، ئێمە نایناسین و ناتوانین درکی پێبکەین، بەڵام بە درێژایی ژیانی ئەو حیکایەتخوانە حزوری هەیە. لە بەیتی زەمبیل فرۆشدا کاتێك کچە میر بانگی ژنی زەمبیل فرۆش دەکات بۆ ئەوەی بزانێت سەربوردەی ئەوانە چییە و زەمبیل فرۆش کێیە؟ ژنی زەمبیل فرۆش وەك بۆگێڕەوە کەمێك لە حیکایەت و سەربوردەی خۆی و زەمبیل فرۆش بە کچەمیر دەڵێت:

> ئەوجا بۆخۆی نەیدەوێرا بچێتە شار، ژنەکەی دەنارد. تا ڕۆژێك ژنەکەی بەو مەحلەیدا ڕۆی، دڵی ئەمیر ڕەچاویکرد گوتی: لەبۆم بێنن. وەکی بۆیان هێنا، گوتی: چ کارەن لەو شارەی؟ گوتی پیاوێکی فەقیرم هەیە. گوتی شوغڵی چین؟ گوتی شوغڵمان سەبەتان دروستدەکەین و دەیانفرۆشین. ماڵ و عایلەی خۆمانی پێ بەڕێدەبەین. جا گوتی دەبێ هەموو ڕۆژان بێیەتە ئێرەکانە. گوتی ئاخر دەبێ بە ساحێبی خۆم بڵێم. گوتی: ئەگەر نەیەوە لەسەرت دەدەم. ئەویش گوتی: شەرت بێ بەشەرتی پیاوان ئێزنم بدەی دێمەوە» (خلە دەرزری، ٢٠١٩: یوتیوب Folklore Kurdi).

لێرەدا کاتێك کچە میر عاشقی زەمبیلفرۆش دەبێت و لێی بزر دەبێت، ئیتر پێویستی بە وەگێڕێکە تا بتوانێت ژیان و سۆراغی زەمبیل فرۆشی پی بڵێت. بەیتبێژ لەبەر ئەوەی حیکایەتەکەی بە کۆتا نەبێت و درێژەی هەبێت، ئەو وەگێڕە پەیدا دەکات و ڕۆژێك بە ڕێکەوت بە پێش دەرگەی ماڵی میردا ڕەتدەبێت و سەرەتای حیکایەتەکەی لێرەوە دەست پێدەکات و دەبێتە وەگێڕێك، تا بتوانێت کەمێك زانیاری لەسەر چۆنییەتی ژیان و چۆنییەتی ژن و مێردایەتی خۆی و زەمبیل فرۆش هەم بۆ کچە میر وەك بۆگێڕەوەیەك، هەمیش بۆ گوێگر، یان خوێنەر بگێڕێتەوە. زانیارییەکانیشی هەم گرنگن، هەم وابەستەن بە کرۆکی حیکایەتەکەوە؛ واتە وەگێڕ(ژنی زەمبیلفرۆش) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی حیکایەتەکە و ڕێ خۆشکردن بۆ کچە میر، تا بتوانێت هەنگاوی دواتری خۆی لێ دیاربێت. هەڵبەت ئەم کچە میرە ڕۆڵی بۆگێڕەوەیەکی گرنگ دەبینێت، تا ببێتە گۆشەی گواستنەوەی زانیاری لەسەر ژیان و نهێنی زەمبیل فرۆش.

٥- کارەکتەرەکان

لوبومیر دولوزل، کار و وەزیفەی کارەکتەری بۆ دوو کاری بنەڕەتی دابەشکردووە، یەکەمیان بریتییە لە کارە ناچاری و یەکەمینەکان کە دەبێت ئەنجامی بدات، دووەم کاری لاوەکی و ئیختیاری کارەکتەر. ئەگەر کارەکتەرەکانی ناو بەیتی زەمبیل فرۆش بژمێرین ئەمانەن:

١- بابی زەمبیل فرۆش ٢- وەزیر مام عەبدولاّ ٣- زەمبیل فرۆش ٤- مەلای سەر قەبران ٥- ژنی گەورەی زەمبیل فرۆش ٦- ژنی گچکەی زەمبیل فرۆش ٧-جارچی ٨- دەنگی غەیب ٩- جۆلاّ ١٠- نەجاڕ ١١- سەبەتکەر ١٢- ئەمیر واتە خاتوون ١٣- پاشای بەغدا ١٤- جوبریل ١٥- شێر ١٦- ئەژدیها.

واتە شازدە کارەکتەری تێدایە کە هەندێکیان کارەکتەری سەرەکین و هەندێکیشیان لاوەکین. دولوزل کاری کارەکتەر ورد دەکاتەوە و دیاریان دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

۱-۵- کارە بنەڕەتیی و ناچارییەکان

ئەلف- وەگێڕ ناچارەکییانە دەبێت کردەی گێڕانەوە ئەنجام بدات، دوای ئەمەش ڕاستەوخۆ وەزیفەی وێناکردن دێتە پێشەوە. ڕۆڵی سەرەکی کارەکتەر وەك (کەسێتییەکی درامی) بریتییە لە بەشداریکردن لە ڕووداوی گێڕانەوەکە. لێرەدا ڕۆڵێکی ئەزموونی کرداری ئەنجام دەدات.

ب- وەگێڕ ئەرکی خۆی تەواو دەکات کاتێك کە هەردوو وەزیفەی وێناکردن و چاودێریکردنی ڕەوتی گێڕانەوە دەگرێتە ئەستۆ. دەشتوانێت کە گوتاری کارەکتەر بکاتە گوتارێکی تایبەت و سنورداری بکات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە کە کارەکتەر گوتاری وەگێڕ تایبەت بکات ئەوا نابێت و دەچێتە دەرەوەی یاساکانی گێڕانەوە. کارەکتەر لە گێڕانەوەی ڕووداودا هەمیشە گوزارشت لە هەڵوێستی تاقانەیی خۆی دەکات. بەم پێیەش دەبێتە کارەکتەرێکی تەفسیرگەر و ڕۆڵی تەفسیرکردن دەگرێتە ئەستۆ (لینت ڤۆڵت، ۱۳۹۰:۲۲).

هەڵبەت کارە بنەڕەتییەکانی کارەکتەر، بریتییە لە جووڵە و ژیانکردن لەناو دەقدا؛ واتە حیکایەتەکە لە ڕێگەی کردە و ئەکتە تایبەتەکانی کارەکتەر خۆی تەواو دەکات و دەچێتە پێشەوە. بە پێچەوانەی وەگێڕەوە کە گێڕانەوەکە ئاڕاستە دەکات و چاودێری ڕەوتی ڕووداوەکانیش دەکات و جوڵەی کارەکتەرەکان دیاریدەکات و ڕۆڵیان دابەشدەکات. کاتێکیش کارەکتەرێك قسەدەکات و حاڵی ئەوانی دیکە شەرحدەکات و دەچێتە نێوان وەردەکارییەوە، لەو شوێنە ڕاستە وەك وەگێڕێك دەردەکەوێت، بەڵام هەر بەرگی کارەکتەری فرێنادات و ئەوەی ئەو دەیکات بریتییە لە تەفسیرکردنی جووڵە و ئاکتی ئەوانی دیکە؛ واتە وەك تەفسیرگەرێك دێتە مەیدانەکەوە. کە ئەم وەزیفەیە نسبەت بە کارەکتەر شتێکی ناچاری نییە و دەتوانێت ئەنجامی بدات و دەشتوانێت ئەنجامی نەدات. کاتێك ئێمە سەیری کارە بنەڕەتییەکانی بەیتی زەمبیل فرۆش دەکەین، دەبینین کە کارە بنەڕەتییەکانی کارەکتەرەکان دیارن. بۆ نموونە یەکێك لەو کارە بنەڕەتییانەی کە کارەکتەری زەمبیل فرۆش دەبێت ئەنجامی بدات، بریتییە لە شکاندنی تابۆی وەسێتی باوکی؛ واتە لەڕێگەی ئەم ئاکتەوە حیکایەتەکە دەست پێدەکات و درێژەی دەبێت.

چوون ئەگەر زەمبیل فرۆش ئەم تابۆشکێنییە ئەنجام نەدات، ژیانی ئەو وەك کارەکتەرێك لەناو ئەو چیرۆکەدا دەست پێناکات و ناژیت. بۆ ئەوەی بژیت و بمێنێتەوە دەبێت ئەو تابۆشکێنییە ئەنجام بدات. هەڵبەت ئەم ڕەگەزە یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی کۆن، هەر لە ئەفسانە و سەربوردە و داستان و ڕۆمانس و بەشێکیش لە چیرۆکە ئایینییەکان، بریتییە لە تابۆشکێنی. هەروەك حیکایەتی ئادەم و حەوا لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کاتێك لەبەری ئەو درختەیان خوارد کە نەدەبوو بیخۆن، یان حیکایەتی شەیتان و خودا. شەیتان سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد و تابۆی خودای شکاند، ئیتر حیکایەتی شەیتان بۆ هەتا هەتایە درێژبۆتەوە. ئەمەش بەرنامە و تاکتیك و پلانی وەگێڕە، تا ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی خۆی بدات و بتوانێت هەم حیکایەتەکە درێژە پێبدات، هەم بوونی خۆشی بکاتە بوونێکی ڕاستەقینە. پاشان ئیشکردنە لەسەر زەین و خەیاڵی وەرگر؛ چونکە لەو شوێنەی تابۆشکێنی هەیە، قەلەقی و ترس لەدایکدەبێت و حیکایەتەکە هێزی ئەوە پەیدا دەکات بچێتە نێوان قوڵایی و ناخودئاگای وەرگرەوە؛ چونکە هەموو وەرگرێك وەك کائینێکی سایکۆلۆژی، پڕە لە حەزی تابۆشکێنی و پڕە لە ترسی ئەوەی نەبێتە هۆی وێرانبوون و شکاندنی هەموو ئەو تابۆیانەی کە ژیانی ئاڕاستەکردوون، بەم تەکنیکەی وەگێڕ، وەرگر تووشی بارێك دەبێت کە خۆی بە هاوشێوەی کارەکتەرەکە وێنادەکات و دەبنە دووکەسێتی کە هەمان چیرۆکیان هەیە؛ واتە هاوچیرۆکن. بۆیە وەرگر لەڕێگەی چاودێریکردنی ژیانی کارەکتەرەوە بەجۆرێك چاودێری ژیانی خۆشی دەکات و زانیاری لەسەر خۆی دەست دەکەوێت. ئەمەش کاریگەری ئەو کارە بنەڕەتییانەیە کە کارەکتەر ئەنجامیان دەدات، بەجۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین هەر کاتێك کردەیەکی کارەکتەر، بووە سەرچاوەی نائارامی بۆ وەرگر، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئەو کردەیە کردارێکی ناچاری بنەڕەتی کارەکتەرە و دەبێت ئەنجامی بدات.

٢-٥- کارە لاوەکی و ئیختیارییەکان

ڕۆڵە لاوەکی و ئیختیارییەکانی کارەکتەر و وەگێڕ دەتوانرێت ئاڵ و گۆڕ بکرێت، بەجۆرێك ڕۆڵە بنەڕەتییەکانی وەگێڕ ببنە ڕۆڵی ئیختیاری کارەکتەر و ڕۆڵە بنەڕەتییەکانی کارەکتەر ببنە ئەرکی ئیختیاری بۆ وەگێڕ. بەم پێیەش وەگێڕ بەهۆی کاری تەفسییرکردنەوە دەتوانێت گوزارشت لە ئایدۆلۆژی خۆی بکات. دولوزل[1] باوەڕی وایە کە وەگێڕ دەتوانێت لەگەڵ کارەکتەر یەك بگرێت و هەردوو وەزیفەی وێناکردن و چاودێریکردنی گێڕانەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەم بارەشدا وەگێڕ هێندە لە کارەکتەر نزیك دەبێتەوە بە جۆرێك لە ڕۆڵەکانیان دژەوانە دەبنەوە و ئەمەش خاڵی ناکۆکی ژپە لەگەڵ دولوزل. ژپ باوەڕی وایە کە کارەکتەر ڕۆڵێکی کارەکی و جووڵەیی هەیە کە ڕووداوەکان ئاڕاستە دەکات. وەك کەسێتی (باباگوریو لە ڕۆمانی باباگوریو) یان زۆرجار دوو ڕۆڵ دەبینێت وەك کارەکتەرێکی جوولاو و کردە (ئەکتەر) کە دەبێتە بۆگێڕەوە یان وەگێڕ. بۆیە ژپ وشەی (پاڵەوان) یان (کاراکتەر) بە گونجاوتر دەزانێت وەك لە وشەی کەسێتی(لینت ڤۆڵت، ١٣٩٠: ٢١).

دولوزل باوەڕی وایە کە دەکرێت ئەم دژیەکییەی نێوان وەگێڕ و کارکتەر نەمێنێت، یان ببنە دوانەیی (خنثی)، بەڵام ژپ باوەڕی وایە کە جیاوای نێوان وەگێڕ و کارەکتەر شتێکی حەتمییە و هەر دەمێنێت. بەجۆرێك وەگێڕ کردەی وێناکردن و چاودێریکردنی گێڕانەوەی لە ئەستۆیە، بێ ئەوەی خۆی بچێتە نێوان ڕووداوەکانەوە و لەناو ڕووداوەکاندا کردەیەکی درامی ئەنجام بدات. بەڵام کارەکتەر هەمیشە کرداری درامی دەگرێتە ئەستۆ و وەك کەسێکی زیندوو لەناو ڕووداوەکاندا دەژیت، بێ ئەوەی کە هەڵبستێت بە کردەی وێناکردن و چاودێریکردنی گێڕانەوە؛ واتە لێرەدا وەگێڕ وەك خالق و چاودێرێك کۆی گێڕانەوەکە لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام کارەکتەر تەنها ئەو کردەیە ئەنجام دەدات کە پێویستە لەو شوێنەدا بیکات.

بۆ نموونە کاتێك خوای گەورە چیرۆکی ئیبراهیم پێغەمبەر دەگێڕێتەوە هەمیشە لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا باسی چارەنووسی خراپە دەکات و تەفسیری ژیانی کەسانی بێ باوەڕ دەکات، بەڵام ئیبراهیم پێغەمبەر جووڵە دەکات و هەڵدەستێت بتەکان تێك دەشکێنیت؛ واتە ئیبراهیم دەجووڵێتەوە و هەناسە دەدات و بت دەشکێنێت، بەڵام وەگێڕ کە خودایە، یان وێنەی ڕووداوەکان دەگوازێتەوە، یان چاودێری چیرۆکەکە دەکات کە بە کوێ بگات. لە هونەری بەیتدا، لەبەر ئەوەی سەر بە ئەدەبی سەرزارەکییە و لە ڕێگەی بەیتبێژەوە حیکایەت دەگێڕدرێتەوە، کارەکە تۆزێك سەختە؛ واتە سەختە بۆ کارەکتەرێکی نێوان بەیت، یان ئەفسانە، سەداسەد وەك وەگێڕێك بێتە مەیدانەکەوە و ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەی ژپ داوای دەکات نەمێنێت؛ چونکە هونەری گێڕانەوە لە ئەدەبی زارەکیدا، هێشتا سەرەتایە و وەك ڕۆمان نییە کە گەشەی کردووە و سەر بەجیهانی تازەی مرۆڤایەتییە.

بۆیە کارەکتەر لە چیرۆکە سەرەتاییەکاندا هەمیشە دەجووڵێت و قسەدەکات و ئاکت ئەنجام دەدات. کەمتر وایە دابنیشێت و خەیاڵ بکات و بڕواتەوە ناو زەینی خۆی. ئەگەر سەیری بەشێکی چیرۆکە ئایینییەکان بکەین، دەبینین کە عیسا پێغەمبەر لەزۆربەی ئینجیلەکاندا وەك ئەکتەرێك ڕۆڵ دەگێڕێت، نەك وەك وەگێڕ. هەڵبەت چیرۆکی عیسا جیاوازە لەوانی دیکە؛ چونکە بەناوی خوداوە نەنوسراوە، بەڵکوو وەگێڕەکانی دیارن و لە ڕێگەی قوتابییەکانییەوە گێڕدراوەتەوە. هەرچی قورئانە کە وەگێڕەکەی خودایە، خودا لەدەرەوەی حیکایەتەکەیە. لە هەندێك شوێن نەبێت کاتێك پێغەمبەر ئازار دەدرێت، خودا ڕاستەوخۆ دێتە ناو گێڕانەوەکەوە. وەك ئەوەی دەڵێت تۆ محەمەد لێگەڕێ و بچۆ دواوە، ئەوانە شەڕیان لەگەڵ منە نەك تۆ. یاخود کاتێك باسی جەنگی ئوحود دەکات، دەڵێت ئەوە ئێوە نەبوون کە تیرتان هاویشت، بەڵکوو ئەوە من بووم. بۆیە کردەی تەفسیرکردن بۆ کارەکتەر، دەبێتە ئەرکێکی ناوەندی و و ئیختیاری، نەك ئەوە ناچار بێت بەوەی هەر دەبێت ئەوە بکات. ئەگەرچی لە ڕۆمانی نوێدا تایبەت ئەو ڕۆمانەی کە دەروونین و یان مۆنۆلۆگ تێیاندا زاڵە، ئەوە ئەم کردەیە بەرۆکی کارەکتەر دەگرێت و ناچاری دەکات بەوەی تەفسیری ڕووداوەکان بکات. هەڵبەت بۆ حیکایەتی زەمبیل فرۆش، کردەی تەفسیرکردن دەکەوێتەوە سەر شانی خودی بەیتبێژ کە وەك وەگێڕێك ڕۆڵ دەگێڕێت، یان وەك نووسەری ناو دەق، ئەو کارە ئەنجام دەدات.

1.dolezel.

۳-۵- جیاوازیی نێوان وەگێڕ و کارەکتەر

دولوزل باوەڕی وایە کە ئەو گێڕانەوانەی بە (من) کەسی یەکەمی تاك دەست پێدەکات لەنێوان وەگێڕ و کارەکتەرەکان لێکچوون هەیە؛ چونکە لەم جۆرە گێڕانەوانەدا وەگێر هەم کاری وێناکردن، هەم کردەی درامی ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەمەش وەگێڕ و کارەکتەر دەبنە دووانەی یەکتری، بۆ جیاکردنەوەی کەسێتی وەگێڕ کە وەزیفەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات لەگەڵ کەسێتی کارەکتەر کە کردارێك ئەنجام دەدات. هەروەها باوەڕی وایە لەو جۆرە گێڕانەوانەی بە (ئەو) دەست پێدەکات؛ واتە کەسی سێیەمی تاك، جیاوازی لەنێوان وەگێر و کارەکتەر نامێنێت و وەگێڕ دەچێتە پاڵ یەکێك لە کارەکتەرەکان کە لەیەك کاتدا هەم وەزیفەی کردرای هەم وێناکردن ئەنجام دەدات. بەمەش دولوزل لەگەڵ **بوس** هاوڕایە و هەردووکیان باوەڕیان وایە کە کارەکتەر و وەگێر یەك کەسن، بەڵام **ژُپ** پێی وایە کەوتوونەتە ناو هەڵەیەکی گەورەوە؛ چونکە **جینیت** ئەو ئاگادارییەی داوە کە دەبێت « بپرسین ئەو کارەکتەرە کێیە کە گۆشەی نیگای گێڕانەوەکە دیاریدەکات؟ پاشان وەگێڕ کێیە؟ بە مانایەکی سادە کێیە دەبینێت؟ کێیە قسەدەکات؟» (لینت ڤۆڵت، ۲۳:۱۳۹۰). بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە وەگێڕ و کارەکتەر دوو کەسێتی جودان و هەرگیز نابنە یەك.

هەرچی تایبەتە بە بەیتەوە ئەوەیە کە لەناو بەیتدا هەرگیز تووشی ئەوە نابینەوە کە بە من دەست پێبکات؛ واتە گۆشەی گێڕانەوە هەمیشە بە کەسی سێیەمی تاکە و گۆشەکە ناچێتە سەر (من) کەسی یەکەمی تاك؛ چوونکە بەیتبێژ وەك گێڕڕەوەی حیکایەتەکە، هەمیشە لەدەرەوەی ڕووداوەکاندایە و خۆی نایەتە نێوان حیکایەتەکەوە. بە پێچەوانەی چیرۆك، یان ڕۆمانەوە کە گۆشەی گێڕانەوە بە منیش دەست پێدەکات و جۆری دیکەیان هەیە. بۆیە لەم جۆرە چیرۆکانەدا کارەکتەر هەم رۆڵی وەگێڕ، هەم وەك کارەکتەرێك دێتە نیو تەونی چیرۆکەکەوە و زۆر کەمیش ڕۆڵی وەگێڕ دەبینن. هەرچی بەیتبێژە ئەوە لەدەرەوەی ڕووداوەکە، زیاتر وەك نووسەری دەق ڕۆڵی خۆی دەبینێت. هەندێك جار نەبێت کە بەڕێگەی قسە و لە فۆرمی پەخشاندا ڕوون کرنەوەیەك دەدات لەسەر ئەو بەیتانەی کە نیازی هەیە بیانڵێت. زۆرینەی وایە لە ڕێگەی وشەی (ئەوە دەڵێت) یان (دەنگێك لە غەیبەوە) یان (دەگێڕنەوە) کە ئەمانە هەمووی فۆرمی جیاوازی کەسی سێیەمن بۆ گۆشەی گێڕانەوە.

«دەیگوت لەو مەنتیقەیدا ئەوەندە موسڵمانەی لێن / مردوویەك مردووە ئەمڕۆ تەسلیم بە خاکیی دەکەین / ئەنجا دەیگوت توخوا مەلا پاشا دەیگوت مەلا / ئەو مردووەی بۆچ وا لێدەکەن / بە ڕووت و قووتی لە گڵێی ڕادەکەن» (خلەدەرزی، ۲۰۱۹)

ئەگەر لێرە سەیربکەین دەبینین لە ڕێگەی (وشەی دەیگوت) بەیت-بێژ کە ڕۆڵی نووسەری دەق دەبینێت، گۆشەی گێڕانەوەکەی لە دەرەوەی خۆیەتی و فۆرمێکە لە فۆرمەکانی گۆشەی کەسی سێیەم. خۆ ئەگەر زیاتر وردیش ببینەوە کارەکتەر دەبێتە وێنەدانەوەی چوارەمی نووسەری ڕاستەقینە؛ واتە نووسەری ڕاستەقینە لە فۆرمی چوار شێوەی جودادا، خۆی پەرش دەکاتەوە و پەیامەکانی خۆی دەگەێنێت و حیکایەتەکەی خۆی تەواو دەکات.

٦- ئەنجام

لە میانەی لێکۆڵینەوە لە لایەنی هونەری دەقی بەیتی زەمبیل فرۆش، تایبەت لە چوارچێوەی زانستی گێڕانەوەناسیدا، بۆمان ڕوونبۆوە کە دەقی زەمبیل فرۆش ئەگەرچی بەیتێکی زارەکییە و کۆنە، بەڵام خودان سیحرێکی تایبەت بووە کە وای کردووە ببێتە وێردی سەرزاری بەیتبێژانی کورد. بە جۆرێک تەنها لە یەک زاری زمانی کوردی قەتیس نەبووە و پەڕیوەتەوە بۆ هەموو زارەکانی زمانی کوردی؛ چونکە هەم بە زاراوەی کرمانجی ناوەند(سۆرانی) هەم بە زاراوەی هەورامی، هەم بە زاراوەی کرمانجی ژووروو هەیە و لە لایەن بەیتبێژان و شاعیرانی کوردەوە گوتراوە و نووسراوەتەوە.

ئەوەشی ئەم بەهێزی و سەرنجڕاکێشنانەی پێداوە، چۆنییەتی گێڕانەوەی بەیتەکە بووە؛ واتە لەپاڵ گرنگی ناوەڕۆک و مەبەستی بەیتەکە، جوان گوتن و شێوازە بەرزەکەی لە هونەری گێڕانەوەدا وایکردووە کە دەست بەدەست و سینە بە سینە بگوازرێتەوە و لە سنورێکی تەسکدا نەمێنێتەوە. کاتێک بە وردی یەکە تیۆرییەکانی ژپ لینیت ڤۆڵتمان شرۆڤەکرد و شیمان کردەوە، ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە چۆن ئەم تیۆرە نوێیانە لە گەڵ بەیتێکی کۆن یەک دێتەوە؟ بەڵام لە میانەی ئەم گەڕانەدا

و بەپێی ئەو بەڵگانەی بۆ بەیتەکە کراوە، تێ دەگەین کە زۆر جوان و باش لەگەڵ ئەو تیۆرانە وێک دێتەوە؛ واتە بەیتبێژان زۆر جوان توانیویانە هەموو ئەو پێکهاتانەی کە بۆ دەقێکی داستانی پێویستە لە بەیتەکەدا، بەرجەستە بکەن و ئەمەش بۆتە خاڵێکی بەهێزی بەیتەکە تا وەک دەقێکی داستانی گرنگ دەماودەم بکات و بمێنێتەوە. لە هەموو ئەو دەقانەشی بۆ ئەم وتارە بەکارهێنراون، ئەوە ساخ دەبێتەوە کە هونەرەکانی گێڕانەوە زۆر بە جوانی لەو دەقانەدا رەنگی داوەتەوە و بەیتی زەمبیل فرۆش کە زۆر کەم کاری لەسەر کراوە، پشکی شێری بەرکەوتووە. تایبەت دەقە زارەکییەکەی خدر دەرزی.

وردەکاری تیۆرەکانی ژێپ هەر لە جیاکردنەوەی (نووسەری واقعی و نووسەری ناواقعی و خوێنەری واقعی و خوێنەری ناواقعی) کە گۆڕاوە بۆ بەیتبێژی واقعی و بەیتبێژی ناواقعی) زۆر جوان جیاکراوەتەوە. هەروەها جیاوازیی لە نێوان وەگێڕ و کارەکتەر و نووسەری واقعی و نووسەری ناڕاستەقینە خراوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەمەش بەیتەکە نەک هەر دەچێتە قاڵبی دەقێکی داستانی و حیکایەت ئامێزەوە، بەڵکوو_زۆر باش توانیوە ئەو پێکهاتانە لەو بەیتەدا ڕەنگ بدنەوە و بەرجەستە ببن.

سەرچاوەکان:

- فارسی

ایوبیان، عبیدالله (۱۳۴۴). «یک بحث و مطالعه تحقیقی پیرامون پیوستگی داستان‌های گوتامابودا و ابراهیم ادهم با افسانەی عامیانەی زنبیل‌فروش کردی». *نشریه مهر*، سال دوازدهم، ش. ۱، صص. ۴۱-۳۷.

اقارب پرست، فاطمه و مطیع، مهدی (۱۳۹۷). «تحلیل روایی داستان حضرت موسی(ع) با تکیه بر نظری ژپ لینت ولت». *نشریه پژوهش های قرآن و حدیث*، سال پنجاه و یکم، ش. ۱، صص. ۴۴-۲۵.

خضری، یعقوب (۱۳۹۷). «تفرد و خویشتن یابی در بیت کردی (زنبیل فروش) بر اساس خوانش یونگی (تحلیلی روانکاوانه از بیت زنبیل فروش بر اساس ساختار نظری یونگ)». دانشگاه تبریز، اولین کنگره تازه‌های روانشناسی و علوم رفتاری.

لینت ولت، ژپ (۱۳۹۰). *رساله‌ای در باب گونه‌شناسی روایت نقطه دید*. ترجمه علی عباسی و نصرت حجازی، چاپ اول، تهران: علمی فرهنگی.

کوردی

مان ، ئۆسکار(٢٠١٣). *توحفەی موزەفەرییە، ساغکردنەوەی عەلی نانەوازادە*. هەولێر: بڵاوکراوەکانی ئەکادمیای کوردی.

--- (٢٠١٩). *available at: https://books.vejin.net/ck/text* (ڕێککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، 25/3/2023

--- (٢٠١١). *توحفەی موزەفەرییە. ساغکردنەوە و وەرگێڕانی هێمن موکریانی*. هەولێر: دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم.

جندی و عەڤدال، حەجێی ئەمینێ(٢٠٠٨). *فۆلکلۆرا کورمانجا*. هەولێر: دەزگای ئاراس، ژمارە ٧٢٣.

خلە دەرزی، (٢٠١٩). کەناڵی فۆلکلۆری کوردی لە سایتی یوتوب. کوردی ناوەڕاست..

شێخانی، سەعدوڵا (١٩٨٦). *چیرۆك و بەیتی لاس و خەزاڵ و زەمبیل فرۆش*. زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە ٣، بەڕێوەبەرایەتی ئەمینداری گشتی و لاوان، بەغداد: چاپخانەی ئەسعەد،

- عەرەبی

قرآن کریم.

مانفرید، یان (٢٠١١). *علم السرد، مدخل الی نظریة السرد*. ترجمة امانی ابورحمة، سوریة: دیمشق.

- ئینگلیزی

Barthes, Roland (1966). *Introduction a l'analyse structural des recits in communication.* Paris.

- ئینترنێت:

ئۆسکارمان(۲۰۱۹).(3/5/2023) *https://books.vejin.net/ck/text*

فەقێ تەیران(۲۰۱۸).(10/8/2023) *https://books.vejin.net/ck/text*

خلە دەرزی (۲۰۱۹). (12/9/2023)*https://www.youtube.com/watch?v=EA0fOFpB0zE//*